MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

PDF 4 KURD

# گرووپەکانی فشار و کاریگەرییان

## لەسەر سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان

# گرووپەکانی فشار و کاریگەرییان
## لەسەر سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان

**کەریم کشاکش**

**وەرگێڕانی**

**شاهۆ فائق**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**گروپەکانی فشار و کاریگەرییان**

**لەسەر سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان**

- نووسینی: کەریم کشاکش
- وەرگێڕانی: شاهۆ فائق
- پیتچنین: ڕێدار جەعفەر
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ١٨٣٠
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٥٢)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com



PDF 4 KURD

## ناوەڕۆك


کورتەیەك .............................................. ٧

پێشەکی گشتی .............................................. ٨

**بەشی یەکەم:** چییەتی گرووپەکانی فشار و ڕۆڵیان لە دیموکراتیدا .......... ١١

توێژینەوەی یەکەم- ناساندنی گرووپەکانی فشار و دیاریکردنی .......... ١٣

بابەتی یەکەم- ناساندنی گرووپەکانی فشار ........................ ١٣

بابەتی دووەم- جۆرەکانی گرووپەکانی فشار........................ ١٧

توێژینەوەی دووەم: گرووپەکانی فشارو دیموکراتی و ئەرکەکانی.......... ١٩

بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و دیموکراتی ...................... ١٩

بابەتی دووەم: ئەرکەکانی گرووپی فشار ........................... ٢٤

بابەتی سێیەم — ڕەخنە لە گرووپەکانی فشار ....................... ٢٥

بابەتی چوارەم — جیاوازی نێوان گرووپەکانی فشار و ................ ٢٨

توێژینەوەی سێیەم: گرووپەکانی فشار و کاروبارە سیاسییەکان و ....... ٣٢

بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و دەسەڵاتی یاسادانان ............ ٣٣

بابەتی دووەم: گرووپەکانی فشار و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ........ ٣٦

بابەتی سێیەم: گرووپەکانی فشار و دەسەڵاتی دادوەری ............. ٣٧

بابەتی چوارەم: گرووپەکانی فشار و ڕای گشتی .................... ٣٩

بابەتی پێنجەم: گرووپەکانی فشارو سەندیکا و کۆمەڵەکان........... ٤١

بابەتی شەشەم: ئامرازەکانی گرووپەکانی فشار .................... ٤٥





**بەشی دووەم:** گرووپەکانی فشار لە سیستەمە سیاسییە .................... ٤٩

توێژینەوەی یەکەم: گرووپەکانی فشار لە ویلایەتە .................... ٥١

بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار لە سیستەمی .................... ٥٢

بابەتی دووەم: ڕێکخستنی گرووپەکانی فشار بەپێی .................. ٥٣

توێژینەوەی دووەم: گرووپەکانی فشار لە شانشینی یەکگرتوو ........... ٥٦

بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و سیستەمی سیاسی بەریتانیا...... ٥٨

بابەتی دووەم: گرووپەکانی فشار و پارتە سیاسییەکان لە بەریتانیا..... ٦٢

بابەتی سێیەم: هەڵسەنگاندنی گرووپەکانی فشار لە .............. ٦٣

توێژینەوەی سێیەم: گرووپەکانی فشار لە فەرەنسا .................... ٦٥

توێژینەوەی چوارەم: گرووپەکانی فشار لە ئەڵمانیای یەکگرتوو .......... ٦٧

توێژینەوەی پێنجەم: گرووپەکانی فشار لە ............................ ٧١

بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و سیستەمی سیاسی سۆڤێت........ ٧٢

بابەتی دووەم: گرووپەکانی فشار و دیموکراتی، لەیەکێتی سۆڤییێتی.... ٧٤

توێژینەوەی شەشەم: گرووپەکانی فشار لە شانشینی ئوردونی ........... ٧٦

توێژینەوەی حەوتەم: هەڵسەنگاندنی گرووپەکانی .................... ٨٢

کۆتایی .......................................................... ٨٤




PDF 4 KURD

## کورتەیەك

گرووپەکانی فشار بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ پاراستنی هاوسەنگیی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە چوارچێوەی شەرعییەتی (رەوایی) دەستووریدا، و کاریگەرییان هەیە بۆ سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو گرووپانە دروستکەری بڕیارە یاساییەکانن و هەروەها گرنگییەکی زۆریان هەیە لە ئاراستەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەزگا کارگێڕییەکان.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە زانین و شارەزابوون لەوڕۆڵەی گرووپەکانی فشار دەیبینن و ئەو کاریگەرییەی لەسەر سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان هەیانە، لێرەوە لێکۆڵینەوەکەمان دەبێت بەدوو بەشەوە.

بەشی یەکەم باس لە چییەتی یان پێکهاتەی گرووپەکانی فشار و جۆرەکانیان و ئەرکەکانیان و هۆکار و ئامرازەکانیان دەکات بەڵام بەشی دووەم باس لە بەجێهێنانەکانی گرووپەکانی فشار دەکات لەسیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر دروستکردنی گرووپەکانی فشار و دانانی پێوەرێکی یاسایی بۆ روونکردنەوەی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان، هەروەها روونکردنەوەی ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو گرووپانەی کە لە بنەمای شەرعییەت (رەوایی) دەرچوون و دانانی دەقی یاسایی تایبەت بە سزاگەلێك دژ بە هەموو ئەوکارانەی کە گرووپەکانی فشار ئەنجامی دەدەن و بەپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن.

# پێشەکییەکی گشتی

ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان لەلایەن هاووڵاتییانەوە بەشێکە لە دیموکراتی هاوچەرخ، هەر لەبەر ئەمە کتێبەکەش جەخت دەکاتەوە لەسەر دابین کردنی ئازادییە پیرۆزەکانی تاك لەسەر ئەوبنەمایەی؛ لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتی ئەندامێکە لە کۆمەڵگەی دەوڵەت لەهەمان کاتدا ئەندامیشە لە چەندین کۆمەڵی تردا وەك کۆمەڵگەی خێزانی و کۆمەڵگا سەندیکایی و پیشەییەکان و هەروەها ئەو کۆمەڵانەی کە ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵایەتی پێ جیادەکرێتەوە، و هەر یەکێك لەم کۆمەڵانەش داوای گوێڕایەڵی و ملکەچیی دەکەن لە ئەندامەکانیان (تاکەکان)، لەوانەیە تاك سەر بەمەزهەبێکی تایبەتی یان تایەفەیەکی دیاریکراوبێت لە کۆمەڵگایەکدا کە چەندین هەڵسوکەوت و نەریتی تایبەتی دەسەپێنن بەسەریدا، لە کۆمەڵە سیاسییە هاوچەرخەکاندا لە ئەنجامی هاوسۆزیی بۆ چەندین کۆمەڵی لاوەکی لەناو دەوڵەتدا، تاك دبێتە کۆمەڵێك پەیوەندی ئاڵۆز، ئەم کۆمەڵە لاوەکییانەش لەوانەیە لەهێزەوە بێت لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەزگایەکی سیاسی نافەرمییەوە سەرچاوەدەگرن لەناو سیستەمە سیاسییەکاندا.

سەرەڕای سیستەمی سیاسیی پارتەکان، گەشەکردنی هاوچەرخیی دیموکراتی بووە بە هۆی دەرکەوتنی جۆرێکی تری گرووپ یان کۆمەڵە کە دەربڕی جیاوازی نێوان بەرژەوەندی و بۆچوونە جیاوازەکانن ئەمانەش بەگرووپەکانی فشار دەناسرێن، وادیارە پارتە سیاسییەکان و گرووپەکانی فشار بەگرنگترین تەوەرەکانی جیهانی سیاسی دادەنرێت، لێرەوە تاك کاریگەری ئەو کۆمەڵەیەی لەسەر دەبێت کە تێدا ئەندامە، وەك وتمان تاك بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندیی ئاڵۆز و تێك لە یەکگیراو چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەندامی گەورەترین دەزگای مرۆییە کە دەوڵەتە، لەوانەیە ئەندامی پارتێکی سیاسیش بێت، بەدڵنیاییشەوە سەر بەخێزانێکی دیاریکراویشە، هەروەها بەشدارە لە کۆمەڵێکی پیشەیشدا.



لەپاش شۆڕشی پیشەسازی گرنگیی گرووپەکانی فشار زۆر زیادی کرد، لەگەڵ هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەدا چەندین ئاراستەی نوێ سەریان هەڵدا کە پێشتر نەناسراوبوون کە بووە هۆی هێنانە ئارای پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی خاوەن سروشتێکی ئاڵۆز، هەر ئەم ئاراستەجیاوازانە بوون بەهۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەك کە تێکگیران و پێکدادانی بەرژەوەندی چینەکانی تیابوو و ئامانجەکانیشیان لق و پۆپی جیاجیای لێ بەدەرکەوت، هەر ئەمەش بووە هۆی گەلاڵە بوونی گرووپەکانی فشار[1].

لە سیستەمە دیموکراتییە هاوچەرخەکاندا مەبەست و ئامانجی کۆتایی بریتییە لە مرۆڤ، کە قانوونی دەستووری بە ئامرازی سەرەکی دادەنرێت بۆ دابین کردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و دڵنیاییە بنچینەییەکان و هەروەهاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی دەوڵەت بە هەموو جیاوازی، جۆراوجۆریی پێکهاتە و شێوازی سیستەمە سیاسییەکانی.

ئەرکی بنچینەیی دەوڵەت لە پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانە لە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەر ناوەڕۆکەکەی و دیاریکردنی سزا بۆ سەرپێچیکەرانی، چڕ دەبێتەوە.

بۆ بەدیهێنانی مەبەستە داواکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە پێویستە بگەرێین بە دوای کاریگەریی گرووپەکانی فشار لە سیستەمی سیاسی هەردوو سەربازگەی ڕۆژهەلاتی و

(1) دەستەی پاشایی لە سکۆتلاند (الهيئة لملكية في أسكتلندا) بە کۆنترین گرووپی فشار دادەنرێت کە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی چواردە و لە سەدەی هەژدەدا چەندین کۆمەڵی سیاسی دروست بوون کە تێدەکۆشان بۆ چاکسازیی سیستەمی پەرلەمانی، بەڵام لە سەدەی نوزدەدا و بەهۆی لاوازی پەیوەندی حیزبی، گرووپەکانی فشار لەناو پەرلەماندا دروست بوون. لە کۆمەڵە و گرووپە سەرکەوتووەکانی ئەو سەردەمەش، (کۆمەڵەی پەیوەندیی دژایەتی یاساکانی سەرکوتکردن) بوو.

ڕۆژئاواییدا بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر بنچینەیەکی زانستی دروست بیردۆزێکی گشتی بنیات بنێین لەسەر ئەم گرووپانە.

هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر کاریگەریی گرووپەکانی فشار لەسەر سیستەمی ئەنگلۆسەکسۆنی، کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوودا خۆی دەنوێنێ و پاشان سیستەمی لاتینی ئەڵمانی کە لە فەڕەنساو ئەڵمانیای یەکگرتوودا خۆی دەنوێنێ و هەروەها سیستەمی شیوعی (سوسیالیستی، ((بیری مارکسی)) کە لە یەکێتی سۆڤێتی جاران (ڕووسیای یەکگرتووی ئێستا) دا خۆی دەنوێنێ،

دواتر بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر (شانیشنی هاشمی ئوردونی).



PDF 4 KURD

# بەشی یەکەم

## چییەتی گرووپەکانی فشار و ڕۆڵی لە دیموکراتیدا

## توێژینەوەی یەکەم:
## ناساندنی گرووپەکانی فشار و جۆرەکانی

### بابەتی یەکەم: پێناسەی گرووپەکانی فشار

یەکەم: مەبەست لە چەمکی کۆمەڵە یان گرووپ/ هەر ڕێککەوتنێکە لە نێوان کۆمەڵێك تاکدا کە تایبەتمەندیی گشتی و هاوبەشی کۆیان دەکاتەوە، لەوانەیە ئەمە هەندێ جار بە (چینی کۆمەڵە)ش بناسرێت.

دووەم: چەمکی فشار/ prssure، ئەم چەمکە گرێدراوە بە کردەوە سیاسییەکانەوە واتە گرووپەکە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ئاراستە و رایەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەیە لە واقیعی سیاسیدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوا گرووپەکانی فشار هەوڵ دەدەن کاربکەنە سەر بڕیاربەدەستان لە سیستەمی سیاسیدا لە پێناو بەدیهێنانی مەرامەکانیان بە پێی بەرژەوەندییەکانیان[2] و چەمکێکی تریش هەیە کە زۆر بەکاردەهێنرێ ئەویش (گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندییە Interest groups) و ستیڤن مۆشما (Stephen mohsma) پێی وایە کە گرووپەکانی فشار گرووپی بەرژەوەندین، وشەی (فشار) یان دەستەواژەی (گرووپی فشار) لە چەمکێکی نەویستراوەوە وەرگیراوە، چونکە ئەم واتایە پشت بەوە دەبەستێ کە ئەمجۆرە گرووپانە لە ڕێگەی پیادەکردنی جۆرە فشارێکی دیاریکراوەوە ئیرادەی

(2) ئیبراهیم دەرویش (سیستەمی سیاسی) دار النهضة العربیة، چاپی چوارەم ١٩٧٨، لاپەڕە ٤٨٠-١٨١.



خۆی بەسەر لێپرسراوە سیاسییەکاندا دەسەپێنێ. بۆیە هەمان زانا پێی باشە دەستەواژەی (گرووپی خاوەن بەرژەوەندی) بەکاربێت[3] و (پونت R. M. punnet) یش هاوڕایە لەگەڵێدا لەسەر ئەوەی دەستەواژەی (گرووپی فشار) زۆر کردن دەگەیەنێ، و لەبەر ئەوەی جگە لە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتی گرووپ و کۆمەڵەکان ئەرکی تریشیان هەیە بۆیە هەندێ جار سیفەتی تریش بەکاردێت وەکو (گرووپی بروا پێکردن «الاقناع» گرووپی هۆشیار کردنەوە یان گرووپی خاوەن نفوز lobby[4]

بەڵام مامۆستا V. o. key جیاکردنەوەیەوەکی دروست بۆ هەریەکەیان پێشکەش دەکات:

گرووپە تایبەتییەکان کە ڕێگە بە پێکهێنانیان دراوە، بۆ کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتیی، ئەم کۆمەڵانە ناوەدەبرێت بە گرووپەکانی فشار کە گرنگی دەدات بە بەرژەوەندیی ئەندامەکانی و هەوڵ دەدات کاربکاتە سەر حکوومەت.

بۆ نموونە جووتیاران بەرژەوەندی سیاسییان هەیە، بەڵام ئەوان پەنا دەبەنە بەر گرووپەکانی فشار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان وەکو (نووسینگەی یەکێتی جووتیارانی ئەمریکا)، بەم شێوەیە جووتیاران دەبنە گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندیی هەروەك پیاوانی خاوەنکار یان کرێکاران، بەڵام گرووپەکانی فشار، شێوەیەکی زیاتر ڕێکخراو و ڕوون و ئاشکرایان هەیە بۆ پابەندبوونە فەرمییەکان و گرووپەکە گەلاڵەنامەی خۆی هەیە لەوانەیە پارەوماڵ کۆبکاتەوە یان خەرجی بکات و هەوڵ بدات کاربکاتە سەر فەرمانبەرە فەرمییەکان. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین گرووپی

(3) Stephen V. monsma: American politics. Holt, Rinehart and Winston, Newyork, 1969,P. 333
(4) pannet (R. M): British Government and politics. Op. cit. P. 134- 135



PDF 4 KURD

فشاری تێدایە وەکو کۆمەڵەی مافە شارستانییەکان)[5] بۆیە هەر کۆمەڵەیەکی خاوەن بەرژەوەندی ڕێکخراو، پەیکەرێکی فەرمی و هێڵی دەسەڵاتیشی هەیە، بەڵام هەندێکی تر هەیە تەنیا ئەوکاتە دەبنە گرووپی خاوەن بەرژەوەندیی کەهەوڵ دەدەن کاریگەری دروست بکەن لەسەر بڕیارەکانی لێپرسراوە سیاسییەکان، بۆنموونە (یانەی ڕاو) دوورە لە گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی ئەگەر گرنگیپێدانەکانی تەنیا بۆ ئامرازەکانی ڕاو بێت بەڵام ئەم یانەیە دەگۆڕێت بۆ گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی ئەگەر هەوڵیدا کاربکاتە سەر دەسەڵاتە ناوخۆییەکان تا بڕیارگەلێك دەربکەن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ئەوانەی سەربەیانەکەن.[6]

* دەمانەوێت هەندێك پێناسەی گرووپەکانی فشار لای زانا ڕۆژئاواییەکان وەبیر بهێنینەوە:

W.J. Mackenzie: گرووپەکانی فشار بەمجۆرە پێناسە دەکات: ئەو بوارەیە کە گرووپە ڕێکخراوەکان تێدا کار لەسەر چالاکییەکانی خۆیان دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش لەڕێگەی کاریگەریی لەسەر دەزگاگشتییەکان بەهۆی هێز و تواناییانەوە[7]

بەڵام (David Irman) گرووپەکانی فشار وا پێناسە دەکات: بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکانێك کە هاوبەشن لە سیفەتێکی گشتیدا و لەسەر بنەمای ئەو سیفەتە کارلێك دەکەن و، بوونی شتێکی ماددییش لەو سیفەتەدا هیچ گرنگ نییە لەوانەیە تەنیا ئاراستەیەك بێت (Attitude)[8]

(5) Ira H. Carmen, power and balance, Harcourt Brace Jovanovich, INC, newyork, 1978, p, 394
(6) Stephen V. monsma: American politics. Op. cit, p. 133.
(7) Punnet (R. M): British Government and politics. Op. cit, p. 133.
(8) H. Gardon skilling and franelyn Grifth: Interest Gronps in Soviet politics, Princeton University, press, New Jersey 197١. p. 24.



بەڵام گرووپی فشار کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە لە تاکەکان کە خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن و ئەندامەکانیشی ڕوانگە و ئامانجی هاوبەشیان هەیە و هەوڵی کاریگەر دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆسەر لێپرسراوانی حکوومەت بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتە گشتییەگان لەو بابەتانەدا کە کاریگەرییان هەیە بۆسەر بەرژەوەندیی ئەندامەکانی.

بۆ ڕوونکردنەوە، دەتوانین بڵێین کە گرووپەکانی فشار ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوانەن کە ڕێکخستنێکی فەرمییان هەیە لەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن بۆ ئامانجێکی هاوبەش یان زیاتر و هەوڵ دەدەن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بە تایبەتی بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی سیاسی گشتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ئەمانەش بەئاگاداری حکوومەت، و ئەم گرووپانەش جیاواز و جۆراوجۆرن لەڕووی قەبارە و سامان و هێز و ئامانجەکانیانەوە، بەڵام هۆکار و ئامرازەکانیان تارادەیەك لەیەك دەچێ لەوانەش دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان و ئاراستەکردنی دەنگدەران و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی کاریگەر لەسەر ڕای گشتی، و هەروەها گرووپەکانی فشار هەوڵ دەدەن کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری هەبێ.



PDF 4 KURD

**بابەتی دووەم جۆرەکانی گرووپی فشار: گرووپەکانی فشار چەند جۆرێکیان هەیە لەوانە:**

**یەکەم:** گرووپە پیشەییە خاوەن بەرژەوەندییەکان لەو گرووپانە: پزیشکان، پارێزەران، مامۆستایان، هتد، هەر توێژێکیش هەڵوێست و بەرژەوەندیی خۆی هەیە، پزیشکان و پارێزەران بەزۆری لە پارێزگارە سیاسی و ئابوورییەکانن، لە کاتێکدا مامۆستایان زۆربەیان لە لیبراڵە ئازادەکانن و لە لایەکەوە کرێکانیان دیاریکراو و کەمە، سەرەڕای ئەمەش مامۆستایان بەزۆری لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی نزمتردان بە بەراورد لەگەڵ هاوپیشەکانیان لە ئەمریکادا، هەر بۆیە سەندیکای پزیشکان و سەندیکای پارێزەران، لەسەر ئاستی نەتەوەییش سەندیکای پارێزەران گرنگی تەواو دەدات بەوکەسانەی لەرووی یاساییەوە بەوپیشەیەوە خەریکن لە کاتێکدا سەندیکای پزیشکان زیاتر گرنگی دەدات بە پەیوەندی نێوان پزیشك و نەخۆش.(9)

هەروەها هەندێ بەرژەوەندیی تر هەیە لەوانەیە زیاتر لە ڕێکخراوێك نوێنەرایەتی بکات، بەڵام زۆربەی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان لەلایەن ژووری بازرگانی ئەمریکییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە (١٣٠٠) گرووپی پیشەیی و (٦٨٠٠٠) (کۆمپانیا) دەگرێتەخۆی، و (یەکێتی پیشەسازی نیشتیمانی) دانپیانانێکی دیکەش دەدات بە دەستەکانی کار و کۆمپانیاکان.

کرێکارانیش لەلایەن گرووپەکانی خۆیانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە تەنیا لە واشنگتۆندا پەنجا سەندیکا هەیە سەرەڕای بوونی یەکێتییەکی گشتی بۆ کرێکارانی ئەمریکا. زۆری و بەیەکداچوونی گرووپ و سەندیکاکان

(9) Ira H.Carmen, power and Balance, op. cit., p. 402



یاریدەدەرەێکی باشن بۆ لێکدانەوەی چۆنێتی کۆکردنەوەی بەرژەوەندیی و ڕێکخستن لە نێوانیاندا.(10)

دووەم: گرووپی فشاری سیاسی/ ئەو گرووپانەن کە تەنیا بەرژەوەندیی سیاسی رووتیان هەیە پێی دەووترێ (lobbies) بۆنموونە (لۆبی چین) کە بەو ناوەوە ناسراوە لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك سیستەمێکی سیاسی دانی نەناوە بە چیندا.

سێیەم: گرووپەکانی بیر (فکر) ئەو گرووپانەن کە پێك دەهێنرێن بۆ بەرگریکردن لە فکرێك، جا ئەو فکرەیە ئایینی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووری ... هتد بێت.

چوارەم/ گرووپە فشارییە مرۆییەکان/ ئەو گرووپانەن کە بە دەگمەن چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن وەکو گرووپەکانی چاودێری منداڵ، گرووپەکانی پاراستنی ئاژەڵ، و هەموو گرووپە خێرخوازەکانیش دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرەوە، ئەم جۆرە گرووپانە هیچ جۆرە خۆ هەڵقورتاندێکیان نییە بۆ کاروباری سیاسی و ئامرازەکانی فشاریش لەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەکار ناهێنن تەنیا لەکاتی داواکردنی یارمەتی ماڵی و راوێژکردن لەسەر ئەو پرۆژە یاساییانە نەبێت کە زیان لە چالاکییەکانیان دەدات.

(10) Robbert Weisberg: Understanding Ameriean Government. Holt Rengbart and Winston, Newyork. 1980. P. 240



PDF 4 KURD

## توێژینەوەی دووەم:
## گرووپەکانی فشار و دیموکراتی و ئەرکەکانی

### بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و دیموکراتی:

هەرچەندە گرووپەکانی فشار بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی بەڵام ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵاتیان نییە (نایانەوێت ببن بە حکوومەت)، ئەم گرووپانە پێکهاتەیەکن لە نێوان (ڕێکخراوە بەهێزەکان) و ( سەندیکاکرێکارییەکان کە لە سەر ئاستی نەتەوەیی کاردەکەن) و (گرووپە شارستانییە ناوچەییە بێهێزەکان کە هەوڵ بۆ باشترکردنی توانای خۆیان دەدەن).[11]

لە هەڵسەنگاندنی بڵاوبوونەوەی دیاردەی گرووپەکانی فشاردا چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە تەنانەت لە نێوان دیموکراتی و گرووپەکانی فشاردا پەیوەندی هەیە لە هەمان کاتدا هەندێکی تر پێیان وایە بوونی گرووپەکانی فشار بەڵگەیە لەسەر بڵاوبونەوەی گەندەڵیی سیاسی.

ئەوانەی کە دەڵێن گرووپەکانی فشار دیاردەیەکی دیموکراتییە پێیان وایە دیموکراتی ڕاستەقینە نابێت هیچ بەربەستێك دابنێ لەبەردەم هێزە سیاسییەکاندا و پێویستە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت وەڵامی هەموو داواکارییەکانیان بداتەوە کە هەڵقوڵاوی ئارەزووەکانی گەلە، لەبەر ئەوەی مانای ڕاستەقینەی دیموکراتییە[12] .

(11) Ball Allen: Modern politics and Gorernment. 2n ed. Publish by Macmilan press, LTD, London, 1979, p. 110

(12) الدکتۆرە سعادالشرقاوی: النظم السیاسیه فی العالم المعاصر، دارالنهظه العربیة، القاهرة، ١٩٧٦ لاپەرە. ٢٤٧.



گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان ئەرکێکی زیندوو بەجێ دەهێنن لەوێنەی گشتی دەوڵەتی دیموکراتیدا و ئەمانە دەنگ و سەدای توێژێکی فراوانی گەلن، ئەمەش چونکە گەشەسەندنی ئەم گرووپانە (گشتی یان تایبەتی) بوون بەهۆی گۆڕینی میکانیزمەکانی سیستەمی دەستووری.

کورتکردنەوە و بچووککردنەوەی حکوومەت تەنیا لە چوارچێوەی کارکردن بەهۆی ئامرازە دەستوورییەکانەوە وەك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاودێری هاوسەنگی (check and balance mechanism) باوی نەماوە، بەڵکو لە سەردەمی ئێستاماندا حکوومەت زۆر فراوانتر و ئاڵۆزترە، گەلێك داواکاری سیاسی کە پێشتر ڕاستەوخۆ لە گەلەوە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان دەچوو ئێستا تەنیا لە ڕێگەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە ئەنجام دەدرێت[13]

هەروەها زانا دیڤید. ترومان (David B. truman) لە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی گرووپەخاوەنبەرژەوەندییەکان لەکاروباری حکوومەتدا (The process government) تێبینی کردووە کە (خۆراگری و جۆراوجۆری ئەم ڕێکخراوانە بەڵگەی ئەوەن کە ئێمە لەگەڵ لایەنی جیاوازی کۆمەڵگاکەمان مامەڵە دەکەین)، هەرئەم لێکۆڵینەوەیەی ترومان زۆر بەباشی گرنگی دەروازەی ڕەفتاریی تیوریی گرووپدا ڕوون کردۆتەوە کە کارەکانی (کۆمەڵە یان ڕێکخراو) شیکار و تاقی دەکاتەوە و هەرئەمەش بۆخۆی گرنگی خودی کۆمەڵە (گرووپ)ە پێویستە جەخت لەسەر نەگونجاوی و ناواقیعی هەرهەوڵێك بکەینەوە کە بۆ دوورخستەوەی گرووپەکان دەدرێت لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی، تەنیا بەووتنی ئەوەی کە گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی و ململانێکانیان و ئامرازەکانیان لە خودی خۆیاندا خراپ و ئاشکرایە نموونەی

(13) Peter woll and Robert H. Binstok: American Politcal system. 2 nd ed. Random house Newyork, 1975. p. 252.



PDF 4 KURD

ئەم گرووپانە ئەركێكی گرنگ بەجێ دەهێنن كە گرنگ و هاورێیە لەگەڵ حكوومەتی دیموكراتیدا.(14)

د. سعاد الشرقاوی پێی وایە دابینكردنی ئامرازێك بۆ دەربڕین و باسكردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەكان بابەتێكی پێویستە و هیچ دژایەتییەكیشی لەگەڵ دیموكراتیدا نییە. بەڵام رێكنەخستن و هەڕەمەكی چالاكی گرووپەكانی فشار لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی سیاسی و هەرەشەكردن لە دیموكراتی و چەسپاندنی سەروەریی بەهێزتر، بۆیە باشترین چارەسەر بریتییە لە رێگەدان بە گرووپەكانی فشار بۆ ئەنجامدانی چالاكییەكانی لە دەربڕینی بەرژەوەندییەجیاوازییەكانیان بەڵام پێویستە ئەم چالاكییانە ملكەچ بكرێن بۆ رێكخستنێك بە شێوەیەك چالاكییەكانیان ئاشكرابن و لە چوارچێوەی سنووره دیاریكراوەكانی یاسادا بن تانەبنە هۆی لادان و هەڵوەشاندنەوەی ژیانی سیاسی(15).

هەروەها (د. سعاد الشرقاوی ) پێی وایە لە ئێستادا راستكردنەوە و جووڵاندن و ئاراستە كردن و ئاگاداركردنەوە و رەخنەگرتن و رووبەڕووبوونەوەی حكوومەت كاری ئۆپۆزسیۆن نین، بەڵكو گرووپەكانی فشار بەو ئەركانە هەڵئەسن هەروەك لە دەوڵەتانی ئەمریكا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و دەوڵەتانی تریش(16)...

د. رمزی الشاعر، پێی وایە لەكاتی ئێستادا ئەم گرووپانە گرنگن بۆ بەهێزكردنی ئۆپۆزسیۆن و ئاسانكاری هۆكارەكانی دەربڕینی رای جیاواز

(14) Dell Gillet Hitchner and William henry harbold: Modern Government, 3 rd ed, Mead and Company, Newyork, 1975, p. 154

(15) د. سعاد الشرقاوی، النظم السیاسه في العالم المعصر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە (٢٨٢).

(16) د. سعاد الشرقاوي، علم، الاجتماع السياسي — أثر الظرؤف الأجتماعيه والأقتصاديه علي النظم السياسه، چاپی یەكەم، دارالنهظه، قاهره، ١٩٧٧، لاپەرە، ١٧٧.



هەروەها فشار ئامرازێكی باشە بۆ ئاگاداركردنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەو پێداویستییانەی هاووڵاتییان كە زۆر زەحمەتە لە رێگەی حیزبەوە لێی ئاگاداربن. لە كاتێكدا حیزب نوێنەرایەتی چەندین بەرژەوەندی ئاڵۆز و بەیەكداچووی چینەكانی كۆمەڵ دەكات، گومان لەوەشدا نییە كە دەسەڵاتی فەرمانرەوا هەڵوێست و لێكدانەوەی بۆ بۆچوونە دژبەیەكەكانی گرووپەكانی فشاری بەلاوە گرنگە لەبەرئەوەی یارمەتی دەدات بۆ وێناكردنی سیاسەتێكی گونجاوی ئەوتۆ كە لەگەڵ هەموو بەرژەوەندییەكاندا هاوتابێت كە لەڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە نوێنەرایەتی پیشەیی بەدی دێت و نوێنەرایەتی جوگرافیش لە رێگەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە(17).

یەكێكی تر لەو زانایانە (د. أحمدبدر)ە كە پێی وایە (گرووپەكانی فشار رۆڵێكی گرنگ و كارایان هەیە لەسەر رای گشتی كە ناتوانرێت نكوڵی بكرێت، هەروەها ئاراستەكردنی رای گشتی بەشێوەیەكی تایبەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەكانی لە هەندێ كاتدا).(18)

د. بطرس غالی پێی وایە كە لایەنە كاریگەرەكانی گرووپەكانی فشار لەسەر دیموكراتی بریتین لە ئامرازێكی رێكخراو بۆ بەرگریكردن لە بەرژەوەندی و ئازادییەكانی تاك هەروەك لە هەندێك دەستەی تر كە رەچاوی بەرژەوەندیی چەند چینێك دەكەن. چینی كرێكار پێی وایە باشترین هۆكار و ئامراز بۆ بەرگریكردن لە بەرژەوەندییەكانی بریتییە لە پێكهێنانی سەندیكا یان چوونە ناو پارتە سوشیالیستییەكان یان هەردووكیان، لەبەرامبەردا خاوەنكارەكان

(17) د. رمزی الشاعر، الأيدولوجيات وأثرهاعلى الأنظمه السياسيه المعاصره، داراالنهظة العربيه.

(18) الدكتۆر احمدبدر: الرأی العام، طبیعته و تكوینه و قیاسه ودوره في السیاسه العامة، مكتب غریب، ١٩٧٧، لاپەڕە، ١٩٨.



PDF 4 KURD

پێکهێنانی یەکێتی بەباشتردەزانن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەبەرامبەر دەستەبەندییە کرێکارییەکاندا.

لەوە کە تاك بەتەنیا ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت و بەجێ هێشتنی هەموو کارەکانیش بۆ ئەو گرووپانە دروست نییە، لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بەشداری هەردووکیان لەکاری سیاسیدا گرنگ و پێویستە.[19]

لە کۆتاییدا مامۆستا (فاینر S. E. finer) پێی وایە، وازهێنان لە پاڵنەرەکان لەلایەن گرووپەکانی فشارەوە پێویستە پابەندی و ئیلزامی بێت لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەندامانی گرووپە رێکخراوەکان لە ئامانج و هەوڵەکانیاندا هاوکاربن ئەوا گرنگییەکی زیاتریان دەبێت، بۆ نموونە سەندیکاکانی کرێکاران دەنگێکی بیستراویان هەیە هەروەهالە خۆگرتنی ئەندامانێك کە لایەنگیری سرووشتییان هەیە بەسیمای لێزانی و شارەزایی دادەنرێت ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان یان بەرژەوەندییەکانیان، سەرەڕای ئەوەش کۆبوونەوەی رێکخراو لە شێوەی گرووپەکانی فشاردا زامنی گەیشتنی دەنگی ئەم گرووپانە دەکات بۆ پەرلەمان بەهۆی ئەو گرنگییەی لە کۆمەڵگادا هەیەتی، ئەم گرووپانە کارلەسەر بلاوکردنەوەی زانست و زانیاری دەکەن و یاریدەدەری دروستکردنی رای گشتین، لەسەروو هەمووشیانەوە کۆکردنەوەی خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی هێزی سیاسییان هەبێ کارێکی گرنگە بۆ رووبەڕووبونەوەی بیرۆکراسی (رۆتین) و دانانی سنوورێك بۆ خراپەکارییەکانی بە شێوەیەکی بەهێز، بەم شێوەیە ئەم گرووپانە لە حکومەتی دیموکراتیدا بێهێز نابن بەڵکو رۆڵێکی زیندوویان دەبێت وەکو کەناڵێکی پەیوەندی نێوان حکوومەت و گەل[20].

(19) الدتۆر بطرس غالي والدكتور محمود خيري عيسي: المدخل علم السياسه، داروهدان للطباعه والنشر، القاهره، ١٩٧٩، لاپەڕە ٢٨٨ – ٢٧٩

(20) Harvy and Bather: the British Conistitnion, 14th. ed, Macmilan, 1977, pp. 558 – 559.



**بابەتی دووەم: ئەرکەکانی گرووپەکانی فشار:**

وەك پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد کە گرووپ و کۆمەڵەکان کاراتر و چالاکتر دەبن لە نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانیاندا ئەگەر کارەکە کورت بکەنەوە لە تەنیا پشتبەستن بە پارتەکان و هەڵبژاردنەکان، پاشان ئەندامانی ئەم گرووپانە رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هۆشیارکردنەوە بەرەو ئاراستە گشتییەکان و هەروەها هۆشیاری سەبارەت بە پێشینەی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنیش، لەدیموکراتی راستەقینەدا رێگە بە بەشداری خەڵك دراوە لەوبابەتانەی کە گرنگی هەیە بۆیان[21]، لەبەرئەوە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ دەرگاکردنەوە بۆ ئەو ئەندامانەی کە چالاکی سیاسییان هەیە و هەروەها ئەو هاوولاتییانەی کە گرنگی بەو بوارە دەدەن تابتوانن بەشداری کاروباری سیاسی بکەن.[22]

لەوکۆمەڵگا تەکنۆلۆژیی کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزیان هەیە هەمیشە حکوومەت هەست بەگرنگیی پێویستی لێهاتوویی هونەری زیاتر دەکات بۆ یارمەتیدانی لە چالاکی رۆژانەییدا و زۆر جار گرووپ و دەستە رێکخراوەکان لەم بوارەدا راوێژ و هاوکاری پێشکەش بە حکوومەت دەکەن.[23]

گرووپەکانی فشار بە ئامرازێك دادەنرێن بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆیە ئەگەر پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسادانان) بیەوێت بە شێوەیەکی گونجاو و تەواو ئاگاداری کێشە لاوەکییەکانی کۆمەڵگا بێت، ئەوا ناچار دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیاری بە شێوەیەك لە شێوەکان بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەمەش پێویستی

(21) Stephen V. monsma,: American politics, op. cit, PP, 333 - 334

(22) peter woll and Robert H. Binstock: Americon politica System. Pp. 252-253

(23) dell G. Hitchner and William H. Harbold , op.p. 154.

بەکەمبوونەوە و تێکچوونی ئەو هاوسەنگییە دوور مەودایە هەیە کەلە چوارچێوەی کاری دەستووریدا لەنێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هەیە، بەڵام پەرلەمان دەتوانێ لەرێگەی پەنابردنی بۆ گرووپەکانی فشار ئەو تێکچوونی هاوسەنگییە کەم بکاتەوە کە زیاتر لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە[24]

بەشێوەیەکی گشتی گرووپەکانی فشار رۆڵی خۆیان دەبینن لە پەیوەندیی نێوان حکوومەت و ئەندامەکانی خۆیاندا، گرووپەکانی فشار دەتوانن چالاکی حکوومەت ئاراستە بکەن بەهۆی ئامۆژگاری و پێشکەشکردنی زانیاری و راسپاردە یان بلاوکردنەوەی زانیاری بۆ روونکردنەوەی بنەما یاساییەکان و لائحە ئیدارییەکان بەسەر ئەندامانی گرووپەکەدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سووککردنی ئەرکی سەرشانی پارتەکان و ئەندامانی دەزگایاسادانەرەکان.[25]

**بابەتی سێیەم: رەخنە لە گرووپەکانی فشار:**

لەگەڵ ئەوەی گرووپەکانی فشار رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا، بەڵام رەخنەی توندیشی لێگیراوە کە بوون بەهۆی دروست کردنی گومان و دڕدۆنگی دەربارەی گرووپەکانی فشار، زۆرکات ستونی رۆژنامەکان پڕ دەبن لە نارەزایی و ئیدانەکردن دەربارەی هەوڵی کۆمپانیاگەورەکان کە کرێکاری گەورەیان هەیە، و دەستە بەندییەکانی کشتیاران لە پێناو ناچارکردنی وولات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش گرووپەکانی فشار دەخاتە ژێر سێبەری گومان، نەك هەر ئەوە بەڵکو

(24) الدكتور نعمان الخطيب: الأحزاب السياسيه و دورها في انظمة الحكم المعاصره، رساله دكتوارة، كلية الحقوق جامعة عين شمس، ١٩٨٣، لاپەرە ١٣٩.

(25) V. O. Key Ir: Politics Parties Pressure Groups, Thomas y. Growell co. 5 Th ed Newyork, 1964. p. 156.



هەندێك لە چاودێران و بیریاران پێشیان وایە کە گرووپەکانی فشار دژی دیموکراتین و چەندین پێشنیاریان پێشکەش کردووە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەم گرووپانە.

د. سعاد الشرقاوي پێی وایە (بلاوبوونەوەی دیاردەی گرووپەکانی فشار بەڵگەی پەرەسەندنی گەندەڵییە لە ژیانی سیاسیدا، لەبەرئەوەی ئەم گرووپانە کاریگەرییان هەیە لەسەر دەرکردنی بریارەکان لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکانیانەوە ئەمەش مانای سەرکەوتنی هێزە خاوەن فشارەکانە بەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکاندا، و لە هەمان کاتدا ئەمانە واتای گەڕانەوە و کەم بوونەوەی دیموکراتی دەگەیەنێت کە یەکسانی کۆڵەکەیەکی سەرەکییەتی[26] (ئەم گرووپانە کەمینەیەکی ناوخۆیی دەسەڵاتدار و سەرکوتکەر دەستی بەسەردا گرتوون، لە راستیدا ئەم سەرکردانە نوێنەرایەتی گرووپەکە و هەموو ئەندامەکان ناکەن (ئەمە تێبینی مامۆستا Michel Robert بوو بەڵام (مامۆستا بیرنز Burns) وەڵامی ئەم رەخنەیە دەداتەوە و دەڵێ (هەموو دەستە و گرووپێك پێویستی بە سەرکردە هەیە، ئەوانیش بەهۆی توانای خویانەوە کۆنترۆڵی کارەکان دەکەن هەروەها هێڵی رێکخراوەیی دروست دەکەن و سەرپەرشتی دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە دەکەن کە دەربری بەرژەوەندیی گرووپەکەیە و هەموو ئەمانەش لەسایەی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانەوەیە).[27]

لەلایەکی ترەوە گرووپەکانی فشار نوێنەرایەتی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا ناکەن بۆ نموونە گرووپی فشاری پزیشکانی ئەمریکا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ گرووپی فشاری نەخۆشاندا نییە، یان گرووپی فشاری بەرهەمهێنەران پەیوەندی لەگەڵ گرووپی فشاری بەکاربەراندا نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی

(26) د. سعاد الشرقاوي: النظم السياسية في العالم المعاصر (١٩٦٧) (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٢٤٨

(27) Burns, A. and petitason, m: Government by the people, petlice Hall National, 7 th ed, London, 1969. p. 270.



PDF 4 KURD

بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گرووپێکی فشار لەسەر حسابی چەند چینێکی تری کۆمەڵگا کەسەربە گرووپی هاوشێوە بن.[28]

هەندێك گرووپی فشار زۆرگەورە و فراوان بوون بەتایبەتی لەسەردەمی هاوچەرخدا بۆ نموونە گرووپی جووتیاران و یەکێتییە کرێکارییەکان گەورەترین گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانن لە ئینگلتەرەدا.

و (مامۆستا برنز Burns) پێی وایە (هەرکاتێك گرووپێك پێکهات و بەرەو بەهێزی چوو، ئەوا کاردانەوەیەك دروست دەبێ لەشێوەی گرووپێکی تردا کە بەرژەوەندیی ناکۆکی هەیە لەگەڵ گرووپی یەکەمدا هەرئەمەش ئەو هاوسەنگییە ناسراوە دەپارێزێت).[29]

لەڕاستیدا ئەم گرووپانە بەشێکی گرنگی ژیانی سیاسین لەهەموو سیستەمێکی دیموکراتیدا و تەنانەت گەورەترین پارێزەرانی حکومەتی پارتی دەسەڵاتداریش هیچ کاتێك پێشنیاری لەناوبردنیان ناکەن بەڵکو تەنیا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو گرووپانە لە پارتە سیاسییەکان بەهێزترنەبن.

چالاکییەکانی گرووپەکانی فشار کاریگەری باشی زۆرترە لەکاریگەری خراپ لەبەرئەوەی ئەم گرووپانە سەرچاوەیەکی ئاسانن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانەوە هەرئەمەش بۆتە هۆی ئاسان هەستکردن بەبۆچوونە جیاوازەکان لەهەمان کاتدا چەندین ئامراز و هۆکارهەن بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانەی بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانەوە دروست دەبن، لەو ئامرازانەش دەقی یاسایی و چاودێری حکوومەت لەسەرچالاکییە لە یاسا دەرچووەکان.

---

(28) د. رمزي طه شاعر: الايدولوجيات و أثرها على الأنظمة السياسية المعاصرة, داراالنهضة العربية، القاهره، ١٩٧٩، لاپەڕە ١١٢.

(29) Burns, A. and petitason, m: Government by the people, cit .p. 270



## بابەتی چوارەم: جیاوازی نێوان گرووپەکانی فشار و پارتە سیاسییەکان:

یەکێك لە رێگا پێویستەکان بۆ تێگەیشتن لە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان بریتییە لە تێگەیشتن لەو چۆنێتییەی کە پێی جیادەکرێنەوە لە پارتی سیاسی، سەرەڕای تێکەڵاوی گرووپەخاوەن بەرژەوەندییەکان و پارتە سیاسییەکان بەڵام هەریەکەیان روانگەی جیاوازیان هەیە، لێرەوەدەتوانین بگەین بەم سەرەنجامانە:

### (١) لەڕووی ئەرکەوە:

پارتی سیاسی لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیدا چەند ئەرکێکی روون و ئاشکرای هەیە کە پابەندەپێیانەوە لەبەرامبەر جەماوەردا، بۆ نموونە پارتی کۆماری یان دیموکراتی نوێنەراتییەکی گەورەن کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی کاریگەری زیاد لە (٣٠) ملیۆن دەنگدەری ئەمریکی دەدەن، و بێگومان پێویستە روانگەیەکی فراوانی هەبێت لە پەیڕەو و پرۆگرامیدا بۆ چارەسەری چەندین گیروگرفت، بەڵام گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان نوێنەرایەتییەکی بچووکن و زۆر بەکەمی رەزامەندیی چینێکی گەورەی خەڵك بە دەست دەهێنن کە بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبێت هەربۆیە روانگەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان تەسکە و پەیڕەوەکەشیان دیاریکراوە[30] گرووپەکانی فشار پشت بە ئازادی کۆبوونەوە و ئازادی پێشکەش کردنی داواکانیان دەکەن کە لە دەستووردا پارێزراون، و ئەرکی بنچینەیی

---

(30) Robert K. carr and Marver H. Bernistein and Bonald H: Morrison: American democracy in theory and practice, Holt, Renhart and winston. 3 rd ed, newyrk, p. 1961. p. 197.



PDF 4 KURD

گرووپەکانی فشار بریتییە لە فەراهەم کردنی رادەربڕینی سیاسی بۆ بنەما و بەرژەوەندیی گرووپە کەمینەکان، بەڵام پارتە سیاسییەکان هەوڵیان لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگدەرانە و گرووپەکانی فشار پێیان وایە کە نوێنەرایەتی تایبەتی کەمینەکان دابین دەکەن.[31]

**(٢) لەڕووی ئامانجەوە:**

ئامانجەکانی پارتی سیاسی هەمیشە سروشتی سیاسی هەیە، پێدەچێت هەندێ ئامانجی کۆمەڵایەتی و ئابووریش هەبێت بەڵام ئەمانە بە ئامانجە ناسەرەکییەکان دادەنرێن لەبەرامبەر ئامانجە سیاسییەکاندا، بەڵام گرووپەکانی فشار ئامانجەکانی بەپێی سروشتی گرووپەکە دیاریدەکات کە زۆرتر ئامانجی ئابوورین، دەتوانین تێبینی ئەوەش بکەین کە لەوانەیە ئامانجی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبن بەڵام گرنگییەکەیان بەستراوە بە ئامانجە بنچینەییەکەوە.[32]

مامۆستا (نیومان Neuman) پێی وایە (ئەو پارتە سیاسییانەی کە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدەن و ئاراستەکراون بەرەو بڕیارە سیاسییە بەرزەکان (Deeisions policy) ئەم پارتانە چەندین گرووپی جیاواز دەگرنە خۆیان و هەروەها ویستی لەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی راستەوخۆی سیاسەتە فراوانەکانیان هەیە بە هەوڵدان بۆقۆرخ کردنی ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی یان بە بەشداری پارتی تر. بەڵام گرووپەکانی فشار لە بنچینەدا نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندگەلێکی چوونیەکە کە هەوڵی و بوونی سەرکردایەتییەکی

(31) Marian D. Irbish: The politics, of American democracy, pren tice Hall, INC, Englewood Cliffs, newjersey, printed in the U.S.A, ١965,p.p 240 – 241.

(32) د. ابراهیم درویش: علم السياسه، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٠٠.



چالاك و رێكخراو دەبێتە هۆی بەهێزی و پرجوڵەیی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان[33] هەر وەك مەبەست و ئامانجی گرووپی فشار بریتییە لە کاریگەری لەسەر چەند سیاسەتێکی دیاریکراو نەك کۆنترۆڵ کردنی حکوومەت بە شێوەیەکی گشتی. پارتە سیاسییەکان زیاتر گرنگی بە بەدەستهێنانی هەڵبژاردن دەدەن. گرووپەکانی فشار هەرگیز پاڵێوراوەکانی خۆیان ناخەنە بەردەم دەنگدەران، لەوانەیە گرووپی فشار گرنگی تەواو بدات بە سەرجەم قۆناغەکانی هەڵبژاردن بەڵام هیچ کاتێك لە ژێر دروشمێکی تایبەتیدا پرووپاگەندەی هەڵبژاردن ناکات، بەڵام بەشداریکردنەکەی هاوسەنگ دەکاتەوە بەبەکارهێنانی ئامرازێك بۆ دروست کردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەت، هەروەك لەخودی هەڵبژاردنیشدا دەیکات.[34]

سەرەڕای ئەمەش گرووپەکانی فشار هەوڵی بەدەستهێنانی چەند بابەتێکی دیاریکراو دەدەن وەك دەرکردنی یاسایەك بۆ بەرژەوەندی خۆی، یاخود هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی زیانبەخش بۆ بەرژەوەندیی ئەندامەکانی، بەگشتی ئامانجەکانی گرووپەکانی فشار زۆرکەم و دیاریکراون، بەڵام پارتە سیاسییەکان ئامانجەکانیان زۆرن بەرنامەی حیزبیشیان هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە بابەتە گشتییەکانی دەوڵەتەوە.[35]

**(٣) لەڕووی ئامرازەوە:**

ئامرازەکانی پارت پێویستە رەوابن، پاشان پێویستە ئاشکرابن، بەڵام زۆربەی ئامرازە بەکارهێنراوەکانی گرووپی فشار نادیارن و هەروەها لە هەندێکیاندا نارەوایی (ناشەرعی) هەیە وەك بەرتیل و سیخوریی تەنیا لە پێناو دەستکەوتنی زانیاری.[36]

(33) Ball, Allen: Modern politics – Government, op. cit. pp.102 – 103

(34) Marian  D. Irbish: the politics of American democracy, op. cit p. 240

(35) د. رمزي الشاعر: الايديولوجيات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١١٣.

(36) د. ابراهیم درویش: علم السياسة، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٠١.



PDF 4 KURD

**(٤) لەڕووی شێوازی کارەوە:**

گرووپەکانی فشار زۆرخێرا و پێشوەخت گرنگی دەدەن بە یاسادانان و بڕیارەکان، واتە پێش یان لەکاتی گفتوگۆ لەسەر یاساکە بەڵام پارتە سیاسییەکان بەو خێراییە هەوڵ نادەن و چاوەڕێ کاردانەوەی گشتی دەکەن، جاچ لە گرووپەکانی فشارەوە یان رای گشتییەوە بێت.(37)

**(٥) لەڕووی لێپرسراوێتییەوە:**

پارتە سیاسییەکان هەمیشە ئامادەن بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی بەرامبەر جەماوەر لەبەر ئەوەی لەکاتی خستنەڕووی بەرنامەکەی و لەکاتی هەڵبژاردنیشدا ملکەچن بۆ چاودێری جەماوەر، بەڵام گرووپەکانی فشار هیچ لێپرسراوییەك ناگرنە ئەستۆ لەبەرامبەر جەماوەر، ئەمەش بەهۆی شاراوەیی و ڕێکنەخستنی کارەکانییەوە و هەروەها لە چاودێری جەماوەریش رزگاری دەبێت.(38)

(37) د. نعمان الخطيب: الأحزاب السياسية، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٣٣.

(38) د. ابراهيم درويش: علم السياسة. سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٠١.



## توێژینەوەی سێیەم: گرووپەکانی فشار و کاروباری سیاسی و ئامرازەکانی:

لەبەرئەوەی گرووپەکانی فشار لەناو سیستەمی سیاسیدا نوێنەرایەتی چەندین دەزگای نافەرمی سیاسی دەکەن بۆیە پێویستە ڕۆڵی ئەم گرووپانە لە کاروباری سیاسی سیستەمی سیاسیدا ئاشکرا بکرێ و شی بکرێتەوە. گرووپەکانی فشار لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن جا لەڕێگەی فشار لەسەر لێپرسراوان یان لەڕێگەی بوونی چەند نوێنەرێك لە نێو دەزگاکانی حکوومەتدا، هەروەها گرووپەکانی فشار بەڕێگای ناراستەوخۆش هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەدەن ئەویش بەهۆی کاریگەری لەسەر رای گشتی، لەلایەنی تیۆرییەوە گرنگی دەدەن بە چۆنێتی پەیوەندیکردن بە لێپرسراوان و کەناڵەکانی رادەربڕینەوە، هەربۆیە چەندین لێکۆڵینەوە هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەو گرووپانە و هەیئەتە یاساییەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هەیئەتە دادوەرییەکان و پارتەسیاسییەکان و رای گشتییەوە. لێرەدا هەندێك سنوور هەیە بۆ ڕەوایی چالاکییەکان، واتە ڕەوایی ئەو ئامرازانەی کە گرووپەکانی فشار پەنای بۆ دەبەن لە ڕێوشوێنە نافەرمییەکانیاندا، وە ئەم چالاکیانە بەتەواوی ناچنە ژێر لێکۆڵینەوەی زانستییەوە لەبەر ئەوەی لە پشتی پەردەوە دەکرێن.

لێکۆڵینەوەکانی هەریەك لە (Almond, Coleman, and powell) گرنگی تەواویان داوە بەڕێوشوێنە نافەرمییەکان (کە توندوتیژی و پەیوەندییە شەخسییەکانیش دەگرێتەوە) ئاماژەشیان بە گرنگی ڕۆڵی دام و دەزگا سیاسییە سەرەکییەکان داوە لە دانانی بنەماکان و جێبەجێکردنیان و شیکردنەوەیاندا.(39) لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەی ئێمە لەسەر پرۆسەی سیاسی بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:

(39) H. Gardon Skilling and Franklyn Griffths: op. cit. pp 39 – 40.

## بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و دەسەڵاتی یاسادانان:

ئەوەی زۆر بەباشی لەمبارەیەوە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بوونی حکوومەتی نوێنەرایەتی هۆکاری سەرەکی راکێشانی گرووپەکانی فشارە بەرەو لای خۆی بەتایبەتیش بەرەو دام و دەزگای یاسادانان لەبەر ئەوەی ئەم گرووپانە هەلێکی باشیان لەبەردەستدا دەبێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەمیانەی کاروباری یاسادانانەوە، ئەمەش لەوانەیە لەرێگەی وەرگرتنی رەزامەندیی لەسەر هەموارکردنێکی دەستووری پێشنیارکراو یان هەڵوەشاندنەوەی، یان رەزامەندیی لەسەر پرۆژەی یاسایەك یان رەت کردنەوەی یان هەموارکردنی، بەپێی رێککەوتن و گونجانی لەگەڵ سیاسەتی گرووپەکەدا.[40]

دەتوانرێت کاریگەری دروست بکرێت لەسەر پەرلەمان لەرێگەی چالاکی ئەندامەکانیانەوە یان لەرێگەی کاریگەری لەسەر ئەندامانی دەستە یاساییەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە پرۆژەیاسایەك ئەمەش بەهۆی گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا لە داڵانە گەورەکەدا (Lobbysists) و ئەو ئەندامەی هاوکاری نەکات ئەوا لەکاتی دووبارە خۆ پاڵاوتنەوەیدا هیچ پشتیوانییەکی نابێت.[41]

هەندێك گرووپی فشار تەنیاگرنگی بەیەك بابەت دەدات و ئەم گرووپانە کێشەی مەترسیدار بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان دروست دەکەن و ئەو گرووپانە ئەوە دەزانن کە بەجێهێنانی داواکارییەکانیان پشت بەبڕیارێك دەبەستێ کە لەلایەن پیاوانی یاسادانانەوە دەدرێت، بابەتەکە لە بنچینەدا ئەوەیە کاتێك

(40) د. ابراهيم الدرويش، علم السياسيه، دارا النهظمة، قاهرە، ١٩٧٥، لاپەرە، ٤٠٢، هەروەها بروانە د. بطرس غالي و د. حمود خيري عيسي المدخل في علم السياسيه، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٨٧.

(41) J.d. Stewart: British pressure Gronps. By oxford nniversity. Press. 1958, 28.



پارتە بێهێزەکان پاراستن و پشتیوانییەکی کەم پێشکەشی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان دەکەن ئەبێتە هۆی هەست کردن بەخراپی رەوش و بارودۆخی خۆیان واتە ئەندامەکان، ئەمەش لە سیستەمێکدا کە ئازادی هەموانی تێدا پارێزراوە.[42]

هەروەها ئەوگرووپانەی کە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەوەزارەت و بەرژەوەندییەکانی حکوومەتەوە نییە، بەرێوشوێنێك یان زیاتر هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدەن لەگەڵ پارتەکان یان ئەندام پەرلەمانەکان. هەندێك گرووپ چاوپۆشی لە پارتەکان دەکەن و گرنگی تەواو بە ئەندام پەرلەمانەکان دەدەن بەبێ گوێدان بە لایەنگری ئەو ئەندامە بۆ هەر پارتێك.[43]

گرووپەکانی فشار لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پەنایان بردووەتەبەر پێکهێنانی نووسینگەی تایبەتی لەهەموو ناوچەکانی وڵات، کە ئەم نووسینگانە پشتیوانی کۆمەڵێکی زۆری لە نووسەران و پەخشکەران و پیاوانی یاسا و ریکلام و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ گرووپەکانی بەدەستهێناوە، و ئەرکی ئەم نووسینگانە بریتییە لە بەخشینی زانیاری پێویست بە ئەندامانی کۆنگریس لەبارەی هەربابەتێکی دیاریکراوەوە.[44] لەم بارەیەشەوە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران (Roblcoff.A.) دەڵێ (ئەم گرووپەکاریگەرانە قەبارەیەکی نوێیان پێکهێنا، ئێستا چالاکی و جموجۆڵی زیاتریان هەیە بەبەراورد لەگەڵ هەرسەردەمێکی تری مێژوویی. ئەم گرووپانە قەبارەیەکی گەورە و رێکخراویان هەیە لەکارەکانیاندا لەناو کۆنگریسدا پشت بەژماردنی ئەلیکترۆنی دەبەستن

(42) G. Al. Jacobson and M. H. lipman: op, cit, p.107. هەروەها:

(43) R. M. punnet: op. cit. p. 143.

(44) د. بطرس غالی و د. محمود خيري عيسى: المدخل في علم السياسة (سەرچاوەی پێشوو)، ٢٨٧. هەروەها: د. رمزي الشاعر (الايدولوجيات) سەرچاوەی پێشوو. ١٥.

بەشێوەیەك كە كۆنگریس و رای گشتیش دەكەونە ژێر كاریگەرییانەوە) بەشێوەیەكی گشتی فشارەكە لەلایەن گرووپێكەوە دەبێ لەسەر بابەتێكی دیاركراو، هەروەك ئەندامی ئەنجوومەنی پیران (ئێدوارد كنێدی) باسی دەكا و دەڵێ (ئێمە باشترین ئەنجوومەنی یاسادانانما هەیە كە بتوانرێ بەپارە بكرێت، كۆنگرێس ملكەچە بۆ خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتییەكان و بۆ ئەمەش چاوەڕێی بەرامبەرێك دەكات).[45]

ئەگەر زانینی چەندێتی كاریگەری و دەسەڵاتی گرووپەكانی فشار لەسەر ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان شارەوە و قورس بێت، ئەوا لەمیانەی ئەو لێكۆڵینەوانەی لەویلایەتی ئوهایۆ (ohayoo) لەنێوان ساڵانی (١٩٢٩ – ١٩٣٩) ئەنجام دراون، ئەوە روون دەبێتەوە كە سێ لەسەر چواری ئەو یاسایانەی دەوڵەت دەری كردوون دەستكردی گرووپەكانی فشار بوون.[46]

(Williamj. keefe) پێی وایە كاریگەریی روو لەزیادبوونی گرووپەخاوەن فشارەكان لەهەمان گۆڕەپانی سیاسیدا كێبەركێ دەكەن، كاتێك یاسادانەران گرنگییەكی زیاتر بە رازیكردنی مەرامەكانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكان دەدەن زیاتر لەگرنگی هەڵوێستەكانی پارتەكە و دڵسۆزی بۆ سەركردەكانیان، ئەمەكاریگەرییەكی خراپ دەكاتەسەر زیندوویی چالاكییە

(45) William J. keefe: parties, politics and public poliey in America, 3 rd., Holt, Renhart, Winston, Newyork. 1980 pp. 174 – 175.

(46) گرووپەكانی فشار پارە و پولێكی زۆر دەدەن بۆ بەدیهێنانی مەرامەكانیان، و بەپێی ئەو توێژینەوانەی ساڵانی ١٩٢٨ – ١٩٢٩ ئەنجام دروان دەریدەخا كە گرووپەكانی فشار لەماوەی یەك ساڵدا ٢٨ ملیۆن دۆلاری داوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی.

د. سعاد الشرقاوی: النظم السیاسیة في العالم المعاصر (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٢٦٥، هەروەها:

د. حسن سید أسماعیل: النظام السیاسی للولایات المتحدة ألامریكة وانلگترا، داراالنهضة العربیة، القاهرە، چاپی یەكەم، ساڵی ١٩٧٧، لاپەڕە ٦٠ ,٦١.



حیزبییەكان لەنێو ئەنجوومەنە یاساییەكان، و كاتێك ریزەكانی پارتەكە تێك دەشكێ و بەرپرسیاری دەركردنی بڕیار كەم دەبێتەوە. ئیتر ئەندامانی پارتەكە وەكو تاكێك دەكەونە ژێرفشاری گرووپەكان و ئەوتاكەش دەكەوێتە ئەمبەر و ئەوبەركردن لەریزەكانی گرووپەكەدا بۆ بەدیهێنانی مەرامەكانی.[47]

### بابەتی دووەم: گرووپەكانی فشار و دەسەڵاتی جێبەجێكردن:

ئەگەر گرووپەكانی فشار زۆرترین كاریگەری ئاراستەی دام و دەزگاكانی یاسادانان بكات لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو دەزگایە دروستكەری بڕیارە یاساییەكانە، ئەوا لە هەمان كاتدا گرنگییەكی گەورە دەدات بە دەسەڵاتی جێبەجێكردنی و دەزگای كارگێڕی و هەوڵ دەدەن كاریگەربن لەسەر ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەسەر ئەو بنەمایەی كە سەرەتا و ئەسڵ بریتییە لە پێشنیاركردن پاشان یاسای لێوە دروست دەبێ، هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێكردن مافی رەخنە گرتنی هەیە لە یاساكان نەك هەر ئەوە بەڵكو هەندێ جار دەتوانێ شیكردنەوە بۆ یاساكان بكات لەرێگەی تەفسیركردن و چۆنێتی جێبەجێكردنییەوە.[48]

پەیوەندی كردن بە فەرمانبەرانی حكومەت بە ئامرازە بەهێزەكان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی گرووپی فشار دادەنرێت. ئەم پەیوەندیكردنە یەكەم هەنگاوە پێش دروست كردنی كاریگەری لەسەر پەرلەمان یان رای گشتی. فشار لەسەر حكوومەت شێوازێكی شاراوە و هەستیاری هەیە، و گرووپەكانی فشاریش لەوپەندە تێگەشتوون كە دەڵێ (ژاوەژاوی زۆر مانای سەركەوتنی كەمترە).[49]

(47) William J. Keefe: parties, politic policy, in Americom, op. cit p. 175.

(48) د. ابراهیم درویش: علم السیاسیة (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٤٠٢ – ٤٠٣.

(49) R. M. punnet: op. ctt. P. 141



PDF 4 KURD

لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان کە هاندەری کردەوەی فشارن، بەکەمترین تێچوون و کاتێکی کەم، گرووپەکانی فشار بەتایبەتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنادەبەن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی نزیك و هاوکاری تەواو لەگەڵ نوێنەرەکانی دام و دەزگاکانی جێبەجێکردن کە تایبەتمەند و لێپرسراوە لە رێکخستنی کارەکانی ئەو گرووپانە، بۆنموونە گرووپەکانی جووتیاران پەیوەندیی دەبەستێ لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵدا، بازرگانەکان و پیاوانی کار لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیدا و یەکێتی کرێکاران لەگەڵ وەزارەتی کاردا و... بەوشێوەیە...[50] زۆربەی کات ئەم پەیوەندییانە سروشتێکی تاکەکەسییان هەیە و پێویستی بە ئامادەبوونە لە ئاهەنگ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکاندا. چونکە ئەم ئاهەنگ و چاوپێکەوتنانە هەلێکی باشن بۆ گفتوگۆ و وروژاندنی بابەتەکانی رۆژ.[51]

### بابەتی سێیەم: گرووپەکانی فشار و دەسەلاتی دادوەری:

ئەگەر کۆدەنگییەك هەبێت لەبارەی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری و پاراستنی ئەو سەربەخۆییە بەهەر شێوەیەك بێت، ئەوا سەرەڕای ئەم دەسەلاتەش لەکاریگەری گرووپەکانی فشار بەدەرنییە، هەربۆیە هەوڵەکانی کاریگەریی و بەدەستهێنانی پشتیوانی لە بواری دادوەری چەند شێوەیەکی هەیە، لەوانە:

**یەکەم:** سەرکردەکانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەتوانن دەسەلاتەکانیان بەکاربهێنن لەرێوشوێنە یاساییەکان و رێوشوێنەکانی جێبەجێکردندا بۆ هاوکاریکردن

(50) Michel Reogon: The Administration of poblic policy, Scottad foresman 1969, p. 247.

(51) د. سعاد الشرقاوي: النظم السياسة في العالم المعاصر، سەرچاوەی پێشوو. لاپەرە ٢٦٢.



لەهەڵبژاردنی ئەو دادوەرانەی کە فەلسەفەی بڕیاردانیان لەگەڵ مەرامەکانی گرووپەکەدا دەگونجێ.

**دووەم:** ئەگەر گرووپەکە بتوانێ هەندێك مەرجی هونەری بەرجەستەبکات ئەوا دەتوانێ بچێتە ناو کێشە و ناکۆکی لەسەر قانوونی کارپێکراو وەکو هاورێی دادگا، و ئەم جۆرە چالاکییانەی کە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان پیادەی دەکەن بووە بەهۆی سەر سوورمانی خەڵکانێکی زۆر، و بەرپەرچدانەوەییەك هەیە بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ دادگاکان دوورن لە ململانێی پەیوەست بەدروست کردنی سیاسەتی گشتی[52]

ئەو فشارەی ئاراستەی لێپرسراوە حکوومییەکان و دادوەرەکان دەکرێت ترسناکترە لەو فشارەی کە گرووپەکان پیادەی دەکەن لە هۆڵەکانی ئەنجوومەنە یاساییەکاندا، لەبەرئەوەی رێکخستنی پەیوەندیی بە لێپرسراوانەوە بەنهێنی و شاراوە دەبێت.[53]

هەروەها گرووپەکانی فشار چالاکن لە دابینکردنی پێداویستی پیاوە قانونییەکان لە ئامادەکردنی کەیسەکانیاندا بەتایبەتیش ئەو کەیسانەی کە گرنگی هەیە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی ئەو گرووپانە، گرنگترین ئەو حوکمانەی کە گرووپەکانی فشار توانیویانە بەدەستی بهێنن بریتییە لە حوکمێکی

(52) Robert K. Carr and Marver H. Bernstin and walter .F. Murophy and Mechheal n. panilson Essentials of Americn democray. Hall Rehart and Winston. INC 6 th ed newyork, p. 145

بەلام بەزۆری دادگا بەشداری ئەم ناکۆکییانە دەکاتن و دادگای باڵای ئەمریکی حوکمێکی دا بەپێی ئەو حوکمە، هەموارکردنی یەکەمی پەیوەستە بە پاراستنی ئازادی را دەربڕین و کۆبوونەوە و بەرزکردنەوەی داوانامە، رێگەش بە رێکخراوەکان دەدات تا دادگاکان بەکاربهێنن بۆ پشتیوانی مەرامە سیاسییەکانیان.

(53) Jacodson (C. A) and Lipman (M. H) political Sicience, Baenes and Noble. Newyork, 1968. pp. 107 – 108.

دادگای باڵای ئەمریکا کە جیاکردنەوەی رەش پێستەکان و سپیپێستەکان لە قوتابخانە ئەمریکییەکاندا بە نادەستووریی لە قەڵەم دەدات، ئەمەش بەفشاری (یەکێتی نەتەوەیی بۆ هاوکاریی رەش پێستەکان) هاتەدی؟.[54]

### بابەتی چوارەم: گرووپەکانی فشار و رای گشتی:

گرووپەکانی فشار تەنیا فشار ناخەنە سەر هەرسێ دەسەڵاتەکە بەڵکو فشار پیادەدەکەن لەسەر رای گشتی و جەماوەریش، و کاردەکەن بۆ برەوپێدانی ئەو بابەتانەی کە ئامانجی ئابووری یان مەعنەوی یان هی تریان هەیە لەرێگەی یارمەتیدانی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە گشتییەکان کە لەلایەن پارتەکانەوە دیاریکراون، یان لەرێگەی رێکخستنی پروپاگەندە بەپێی بنەمازانستییەکان بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر رای گشتی.[55] مەرامی راستەوخۆ و سەرەتایی گرووپەکان نابێتە هۆی روون کردنەوەی مەرامی کۆتاییان، ئاراستەکردنی هەندێ چالاکی بۆ کاریگەری لەسەر ئەو دام و دەزگایانەی کە دەسەڵاتی بریاردانیان هەیە لەسەر داواکارییەکانیان و بەدیهێنانی ئەم کاریگەرییەش پێویستی بەکارکردنە لەسەر رای گشتی لەرێگای دەرکردنی رۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەکان یان بەشداری لە گفتوگۆ سیاسییەکاندا[56]. هەروەها لەرێگای چەندین ئامرازی تازەش (ئەنجامدانی ریفراندۆم ((راپرسی)) بۆ زانینی رای گشتی و....) ئەنجام دەدرێ و لەم پێناوەشدا پارەوپولێکی زۆر خەرج دەکات.

(54) د. نعمان الخطیب: الأحزاب السیاسیه و دورها في النظمه الحکم المعاصره (سەرچاوەی پێشوو). لاپەرەکانی ١٥٠ – ١٥١.

(55) G. A. Jacabson and J. H. Lipman: op. cit. p. 101

(56) Stewart (J. d): British Pressure Groups, oxford university press. 1958. p. 28

هەروەها: د.ابراهیم درویش: علم السیاسه (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٤٠٤.



هەروەها دەکرێت بەرێگای ناراستەوخۆش بگەن بە رای گشتی واتە بەهۆی ئەو پارتە سیاسییانەی کە بۆدابینکردنی پارە پشت بەو گرووپانە دەبەستن.[57]

بەڵام لەسەر ئاستی فیدراڵی (بەگشتی هەموو وڵات) پارتەکان پشت بە چەندین گرووپی جیاواز دەبەستن بەڵام بەشێوەیەك کە راستەوخۆ ملکەچی ئەو گرووپانە نەبن، دەسەڵاتی ئەم گرووپانە روو لە زیاد بوونە لەو ناوچانەی کە بەرژەوەندیی جۆراوجۆر و هاوچونیان تێدایە، لەم حاڵەتەشدا گرووپەکان دەسەڵاتێکی راستەوخۆیان دەبێ لەسەر پارتەکان.

هەندێ جارگرووپەکانی فشار پەنادەبەنە بەر سازدانی رای گشتی بۆ دروست کردنی فشار لەسەر حکوومەت ئەمەش کاتێك دەبێ کە گرووپەکانی فشار بێ هیوا دەبن لە ئامرازەکانی تر بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

هەر بەم شێوەیە دەتوانرێ پاڵ بەرای گشتییەوە بۆ فشار خستنە سەر حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران، بەهۆی رەوانەکردنی نامە و بروسکەی هەمەجۆر کە جەماوەری گەل دەنێرێ، هەروەها ئەم گرووپانە دەتوانن رای خۆیان لە شێوەی هەواڵێکی رۆژنامەکاندا دەربڕن پاشان نووسەر و قسەکەرەکان هەڵیدەگێرنەوە و چەندین وتاری سەرنجراکێشی لەسەر دەنووسن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی روانگەی گرووپەکە ببێتە بابەتبێکی گشتی لەگەڵ ئەوەی پێشتر رایەکی تایبەت بوو بەخۆی، بەم شێوەیە جەماوەر رۆڵی ئەکتەرێك دەگێڕێ کە چاکییەکانیان لەلایەن گرووپەکانی فشارەوە دەجولێنرێ.

(57) د. حسن سید اسماعیل: النظام السیاسی (سەرچاوەی پێشوو). لاپەرە ٥٩.

**بابەتی پێنجەم: گرووپەکانی فشار و سەندیکا و کۆمەڵەکان.**

پێکهێنانی سەندیکا و بە ئەندام بوون تێدا یەکێکە لەمافەکانی تاك ئەمەش بۆ داواکردنی مافەکانی و باشتر کردنی حاڵەتی کۆمەڵایەتی. ئازادی دروستکردنی سەندیکاکان پێکهاتەیەکە لە مافی تاکەکان کە سیستەمی کۆن دابیبنی دەکرد، بزووتنەوەی سەندیکایی لەسەردەمی هاوچەرخدا چالاکییەکانی دەستپێکردووە و بووە بەکاراکتەرێکی گرنگ نەك تەنیا لەگەشەپێدانی پیشەسازیدا بەڵکو لەگەشەسەندنی خودی سیستەمی ئابووریشدا.(58)

لێرەدا سەندیکا و کۆمەڵەکانی جیهانی هاوچەرخ دەخەینەڕوو.

**بەشی یەکەم:** ئازادی پێکهێنانی سەندیکاکان لەجیهانی هاوچەرخدا:.

ئاراستەی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەرەو دانپیانانی ماف و ئازادی سەندیکاکان زیاتر بەهێزبووە، کە بووەبە هۆی داننانی ئەم دەوڵەتانە بەمافی مانگرتن و بەرەنگاربوونەوە و هەرمافێکی تری ئەم بوارە کاتێك کە مافی ئەوان بن، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەو ڕێکخراوانە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لەژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی ولاتەرۆژئاواییە دیموکراتییەکاندا، وەکو:

**یەکەم:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: سەندیکاکان لە دیارترین گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانن و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە کاریگەری بۆ سەر رای گشتی، ئەو جەنگەی بەرپابوو لەسەر پرۆژە یاسای (فرانکین زۆرفلت) بۆ چاکسازی دادگاکان ساڵی (١٩٣٧) سەندیکا نەك تەنیا دژایەتی زۆربەی پیاوە یاساییەکانی دژی ئەم پرۆژەیە ڕێکخست بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر ئەندامانی کۆنگرێس و رای گشتی تا دژی پرۆژەکە بوەستنەوە، سەندیکای پارێزەرانی ئەمریکا دڵنیایە لەوەی کە

(58) د. عبدالحکیم حسن العیلي: الحریات العامه في الفکر و النظام السیاسی في الأسلام، دراسه مقارنه، دراالفکر العربي. القاهیرة, ١٩٧٤، لاپەر ١٣٦.



بەرژەوەندییە ئابوورییە گرنگەکان و بەها فیکرییەکان، پاراستنێکی باشتری دەبێت لەلایەن دادگا فیدراڵییەکانەوە.(59)

**دووەم:** فەڕەنسا لە فەڕەنسادا ژمارەیەکی زۆر سەندیکا و کێبەرکێی ترسناکیش هەیە لەنێوانیاندا ئەمەش بووە بە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی لەنێوان بزووتنەوە کرێکارییەکاندا و لەهەمان کاتدا سوود گەیاندن بە سیستەمی پەرلەمانی تارادەیەکی زۆر.(60)

ئەومانگرتنانەی سەندیکاکان پێی هەڵئەسن ئامرازێکی کارایە بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر دەسەلات ـ چونکە ئەو مانگرتنانە زیانی زۆر گەورە لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەوڵەت دەدات ئەمەش مانگرتنی کردووە بە ئامرازێکی فشار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کرێکاران.(61)

**سێیەم:** شانشینی یەکگرتوو لە ئینگلتەرا چینی کرێکار زیاتر گرنگی بە یەکێتییە بازرگانییەکان دەدەن کە هۆکاری مێژوویی پێکهاتنی پارتی کرێکارانی بریتانیاشە، هەر ئەمەش پشتیوانییەکی گرنگە بۆ سیستەمی هەردوو پارتەکە کە یەکێتییە بازرگانییەکان بەباشتر دەزانن ئەگەر بتوانێ

(59) John R. Sehmidhouser: The supreme court, it politiecs, personalities, and procedures. HoltRinehart and Winston. Newyork. 1960. pp. 78. 79.

(60) د. عدنان حمودي الجلیل: نظریة الحقوق والحریات العامه في تطبیقاتها المعاصرة. نامەی دکتورا، زانکۆی ئەسکەندەریە.

(61) بۆنموونە ساڵی (١٩٦١) مامۆستایانی فەڕەنسا مانیانگرت لەسەر ڕاستکردنەوەی دەفتەرەکانی تاقیکردنەوە بۆ ناچارکردنی حکومەت تا وەڵامی داواکارییەکانی دەستەی فێرکردن بداتەوە، ئەم مانگرتنە کاریگەری لەسەر هەموو گەلی فەڕەنسا هەبوو لەبەر ئەوەی کاریگەری هەبوو بۆسەر هەموو خێزانێك کە قوتابی هەبوو بۆیە حکومەت ناچاربوو وەڵامی داواکاری مامۆستایان بداتەوە، بڕوانە : د. سعاد الشرقاوی: النظم السیاسیة في العالم المعاصر (سەرچاوەی پێشوو).



PDF 4 KURD

کاربکاتە سەر ئیدارە حکومییە راستەوخۆکان، پاشان ویستی بەکارهێنانی پەرلەمانیشی هەیە وەکو کەناڵێکی یەدەگ پەنای بۆ بەرێت.(62)

لە راستیدا هەڵوێستی بەهێزی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سەندیکاکان بەربەستێکی روون دادەنێ بۆ هەرتێگەیشتنێك کە پێ وایە چینی باڵا و چینی ناوەند دەسەلاتی(*) سیاسی رەهایان هەیە لە بریتانیا، یەکێتییە کرێکارییەکان دەسەلاتەکانیان تەنیا لەناو خۆی پارتەکەدا بەکاردەهێنن بۆ پشتیوانی سەرکردەکان کە لە چینی رۆشنبیرن لە پارتدا.(63)

**چوارەم: ئەڵمانیای فیدراڵ:** ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمی راستەوخۆ پێکهاتنی یەکێتی خاوەنکارەکانی بەخۆوە بینی بۆ رووبەڕووبونەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان کە شەریکی کۆمەلایەتی هێزی ئابووری ئەڵمانیایە و ئەم یەکێتیە کرێکارییانە بەتایبەتی گرنگی دەدەن بە بابەتی کرێ و ئەو ناکۆکییانەی لەسەری دروست دەبێ، هەر ئەم یەکێتییانە لە دروستکردنی قورسایی و دەسەلاتی کاریگەر لەسەر گەشەسەندن و هەروەها کاریگەری لەسەر خاوەنکارەکان، سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە بەڵام بەرێژەیەکی گونجاو، ئەمانەش بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتە باشەکانی ئەڵمانیا و کۆمەڵگای ئەڵمانی لەو بوارەدا. یەکێتییەکان سێیەکی هێزی کاری ئەڵمانی دەگرنە خۆیان کە ژمارەیان دەگاتە حەوت ملیۆن کرێکار.(64)

(62) John R. Schmidhouser: The Suprem court, it politics, persona lities, and procedures Holt Rinehart and Winston. Newyork. 1960. pp. 78 – 79

(*) دەسەلات: هەژموون (وەرگێڕ).

(63) د. كريم يوسف كشاش: الحريات العامه في الآنظمة الساسيه المعاصره. نامەی دکتۆرا قاهره لاپەڕە ٨٤

(64) د. كريم يوسف كشاش: الحريات االعامة. سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٦.



**بەشی دووەم:** ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان کۆمەڵەجیاوازەکان هەروەك پارت و سەندیکاکان رۆڵ دەگێڕن لەکاریگەری لەسەرکاری سیاسی، رای گشتیش لەمیانەی ئەم کۆمەڵانەوە چالاکی خۆی پیادە دەکات بۆ دەربڕینی ئاراستە و روانگە جیاوازەکان.

لە ئەرکەکانی ئەم کۆمەڵانە دروست کردنی (خود)ە هەتا تاکەکان هەست بەبوونی خۆیان بکەن لەناو جەماوەردا کاتێك لە کۆمەڵگادا دەژی، لەسەر ئەم بنەمایەوە ئەوە بەتاك دەبەخشن کە لەکۆمەڵگایەکی گەورو خاوەنی چەندین دەستە و رێکخراوەدا، هەست بەبوونی خۆی بکات.(65)

(oskar hanlin) لەسەر ئەم بابەتە قسەی هەیە و دەڵێ (لەمیانەی کاری ئەم کۆمەلانەوە کە ئەندام بوون تێدا بەسەربەستییە زۆربەشیان مەرامی سیاسییان نییە، هاوولاتی دەتوانێ دەوڵەت ببەستێتەوە، هەتا هاوولاتییان ئازادییان هەبێت ئەوا ملکەچ نابن بۆ سیستەمی راستاندنی بێئیرادە لەسەر بابەتەگشتییەکان وەك ئەوەی لە سیستەمەگشتگیرەکان (نادیموکراتییەکان) دا هەیە.(66)

هەروەها ئەم کۆمەڵانە هەوڵی نەهێشتنی گیانی خۆسەپاندن دەدەن لە نێوان رەگەزەکاندا و لەسەر ئەم بنەمایەشەوە، ئەم کۆمەڵانە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەسەرخستنی هەندێك کەیس دژی جیاوازی رەگەزی لە ئەمریکا.

(65) Louis W. Koenig: toward Ademacracy, Harcourt Brace Jovanovich. Newyork. 1973. p. 92.

(66) Arnold M. Rose:The power structure political process in American. Lohdon. Newyork, 1967. p. 247

**بابەتی شەشەم: ئامرازەکانی چالاکی گرووپەکانی فشار:**

گرووپەکانی فشار بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر دەسەڵات پێویستە تۆڕێکی پەیوەندیی هەمیشەیی و جێگیر دروست بکەن لەگەڵ دەستە گشتییەکاندا و زۆربەی کات ئەم پەیوەندیانە سرووشتی تاکەکەسییان دەبێت و پێویستیان بە ئامادە بوونە لە ئاهەنگ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکاندا ئەم ئاهەنگ و چاوپێکەوتنانەش دەرفەتێکی باشن بۆ گفتوگۆو وروژاندنی بابەتەکانی رۆژ. ئامرازەکانی فشار زۆرن و بەتەواوەتی ژماردنیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گرووپەکانی فشار بەگشتی یەکێك لەم چوار ئامرازە پەیرە ودەکەن:

**یەکەم: رێکخستن**

واتەپێکهێنانی نووسینگە لە شوێنە جیاجیاکاندا کە ئەندامان بگرێتە خۆی و هەوڵی بەدەستهێنانی دڵسۆزییان بدا و هەروەها بتوانێ ئەندامەکان لە یەکەیەکی توکمەدا پێکەوە ببەستێ.

**دووەم: گفتوگۆ**

باوەرپێهێنان، رێگەیەکی ئاساییە کە گرووپەکانی فشار بەکاری دەهێنن لەگەڵ هەموو ئاراستەکانی شوێنی فشارەکە، باوەرپێهێنان کارێکی دیموکراتی ئاشتییانەیە و پاشان سیفەتی ئاشکرایی هەیە و لە رەوایەتیشدا پشت بەمافی تاك لەدەربڕینی راکانی و گفتوگۆکردندا دەبەستێ ئەمەش دەستوورەکان دابینی دەکەن.[67]

(67) د. نعمان لخطیب: الاحراب السیاسیة (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ١٥٣ — ١٥٤.



لێرەوە ئەم کۆمەڵانە هەوڵ دەدەن کاربکەنە سەر عەقڵی جەماوەر لەرێگەی گفتوگۆ و بەڵگە هێنانەوە بۆکار و ئامانجەکانیان بەشێوازی لۆجیکی و بەڵگە، ئەمەش لەوانەیە پێویستی بە دەرکردنی کتێب و کردنەوەی خول و بڵاوکردنەوەی راپۆرت بکات کە پشتیوانی روانگەی گرووپەکە بێت.[68]

**سێیەم: راکێشانی رای گشتی**

راکێشان و باوەڕ پێهێنان هاورێیەتی کاری گفتوگۆ دەکەن کە پێشتر باسکرا. جیاوازی کردن لەنێوان ئەو دوو ئامرازەدا زۆر قورسە کاتێك دڵنەوایی و باوەرپێهێنان پەیوەندیی بەهەست و سۆزەوە هەیە، زۆر هۆکار هەیە بۆ وروژاندنی ترس و رقلێبوونەوە و خۆشەویستی و هیواو بێهیوایی و چەندین هەست و کاردانەوەی دیکە کە لە تەنیا باوەرپێهێنانێکی عەقڵییەوە دەگۆرێت بۆ دەنگێگ لە هەڵبژاردنەکاندا یان هەرکارێکی تری گونجاو لەگەڵ مەرامی گرووپەکانی فشار. رای گشتی بەهێز و ئامرازێکی گەورە و مەزن دادەنرێت کە دەتوانرێت بەهۆیەوە کاربکرێتە سەرسیاسەتی گشتی و لەوانەیە گرووپەکانی فشار پەنای بۆبەرن وەك ئامرازێکی کاریگەر لەسەر دام و دەزگا سیاسییەکان، کە گرووپەکان هەڵدەسن بە سازدان و ئاراستەکردنی رایگشتی بۆ کارکردن لەگەڵیانداو پاشان وازی لێ دەهێنن تا هەربۆخۆی کاربۆ بەرژەوەندیی ئەوان بکات لەرێگەی کاریگەری لەسەر لێپرسراوە راستەوخۆکانی سەر بەرژەوەندییەکانی گرووپەکان، ئەمەش بەچەند ئامراز ئەنجام دەدرێ گرنگترینیان: نامە و بروسکە و ئەو نارەزاییانەی رای گشتی

(68) د. أحمد بدر: الرأی العام (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٢٠١.



PDF 4 KURD

دەری دەبڕێت، پاشان دەبێتە پاڵپشت  و هاوکاری ئەو کۆمەڵانە بۆ دروست کردنی فشار لەسەر دەسەڵاتە گشتییەکان.[69]

**چوارەم: پەخشکردن (بڵاوکردنەوە) و پەرەپێدان**

ئەم ئامرازە پەیوەندیی هەیە بەباش بەکارهێنانی هۆکارە جیاجیاکانی پەیوەندیکردن وەکو پەیوەندیی کەسی و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن، کە ئەم کۆمەڵانە دەتوانن فێڵ و درۆلەم ئامرازانەدا بەکاربهێنن ئەگەر بەشداربێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا روون و ئاشکرایە کە کۆمەڵە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی گونجاو و لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا کە لە راستیدا تەنیا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەتی. گرووپەکانی فشار زۆرجار پشت دەبەستن بە دەزگا پزیشکی و پەروەردەییەکان بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکانەیان، هەروەها پشت بەستن بە گەشەسەندنی تەکنەلۆجی لەبواری پەیوەندیکردن بەجەماوەرەوە بۆ گایاندنی ئەو پەیامەی دەیەوێت بەزۆرترین ژمارەی خەڵکی، پێدەچێت دەنگی بێژەرێك بگاتە سەدان ملیۆن کەس لە شوێنە دوورەکان و بەزۆری ئەو بیسەرانەش ناتوانن را لەسەر، پاڵنەر و کەسایەتی و ئامانجەکان قسەکەرەکە بدەن.

---

(69) د. نعمات الخطيب: الأحزاب السياسية (سەرچاوەی پێشوو). لاپەڕە ١٥٤ -١٥٥.

* بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

- د. بطرس غالي و د. محمد خيري عيسي: المدخل في الساسية (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە ٦٤٤.
- د. رمزی شاعر: الأيدولوجيات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە، ١١٥.

# بەشی دووەم

## گرووپەکانی فشار لە سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا

### ویلایەتە یەکگرتووەکان – شانشینــی یەکگرتوو – فەڕەنسا – ئەڵمانیای فیدراڵ – یەکێتي سۆڤێت – شانشیني ئوردونی هاشمی.





PDF 4 KURD

مەودای چالاکی گرووپەکانی فشار جیاواز دەبێت بەهۆی جیاوازی ئەو سیستەمە سیاسییەی کاری تێدا دەکەن و هەروەها جیاوازی ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدەن، لێرەوە دەچینە سەر باسی گرووپەکانی فشار لە سیتەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا.

## توێژینەوەی یەکەم:
## گرووپەکانی فشار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

زۆربوونی ژمارەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و زیادبوونی هەژموونیان بۆ سەر بابەتێکی دیاریکراو لەم دواییانەدا بووە بەدیاردەیەکی هەستپێکراو لەگەشەسەندنی سیاسی ویلایەتەیەکگرتووەکاندا بەشێوەیەك کە سیاسەتی فشار پایەیەکی گرنگی حکومەتی ئەمریکی پێك دەهێنێ، هێزی گرووپەکانی فشار نەك تەنیا لە دەسەڵات و هەژموونیان بۆسەر کۆنگرێس و ئەندام پەرلەماندا بەدیدەکرێت بەڵکو بەهەمان شێوە لە دام و دەزگا حکومییەکان و دەزگاکانی راگەیاندنیشدا هەستی پێ دەکرێت ئەمەش کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر رای گشتی.[70]

زانا و بیریاری ئەمریکی (دیڤەرجێ) پێی وایە رای گشتی ئەمریکی خۆی بنەماو پاڵپشتی سەرەکی دیاردەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانە، هۆکاری ئەمەش بروای پتەوی کۆمەڵگەی ئەمریکییە بەوەی کە کۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەرژەوەندیی گشتی پێك دەهێنێ، هەروەها حەزی لەڕادەبەدەری ئەمریکییەکان بۆ ئەندام بوون لەکۆمەڵە و دەستە و رێکخراوەکاندا، ئیدی ئەو رێکخراوانە مۆرکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان پیشەیی یان رۆشنبیرییان هەبێ.[71]

(70) John, H. Ferquson and Dean E. Mchnary, Element s of American Government, 3 rd ed, U. S. A. 1958, p, 120

(71) د. أحمد عباس عبدالبديع، أصول علم السياسه دار النهظه العربية. قاهره، ١٩٨١، لاپەرە ٢٣٠.



**بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار لە سیستەمی ئەنگلۆسەکسۆنیدا**

مەودای چالاکی گرووپەکانی فشار جیاوازی هەیە لە سیستەمی سەرۆکایەتییەوە بۆ سیستەمی پەرلەمانی، لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا گرووپەکانی فشار بەهێزترن، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- بەپێی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێی وەرگرتووە، دەبێت رێککەوتنی تەواو هەبێت لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانانادا پێش بریاردان لەسەر هەر یاسایەك، ئەمەش تەنیا بە فشار خستنەسەر هەریەك لە سەرۆك و کۆنگرێس دەبێت، لێرەوە جیاوازی گرووپەکانی فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەردەکەوێت کە هەمیشە پێویستیان بەرێکخستن هەیە بۆ خێرا پەیوەندی کردن بە سەرۆك و ئەندامانی کۆنگرێسەوە.

٢- زۆر رەنگیی و جۆراوجۆری چالاکییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پێویستی کردووە لەسەر حکوومەتی ناوەندیی کە سیاسەتەکانی بەپێی بەرژەوەندییە هەرێمییەکان بنیات بنێت. و لە راستیشدا سیستەمی فیدراڵی لە بنچینەدا بۆ پاراستنی مۆرك و جیاوازییەکانی هەرویلایەتێك دامەزراوە نەك بۆ لەناو بردنیان.[72]

و لەسەر ئاستی نەتەوەیی چەندین گرووپی فشاری سەرەکی هەن کە لەدەوری پارتەکان دەسورێنەوە و ناکرێت نکۆڵی لە کاریگەرییان بکرێت لەسەر پارتەکان، بۆنموونە ژووری بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پەیمانگای ئەمریکی بۆ ئاسن و رەقەمەنییەکان گرنگییەکی زۆر دەدەن بە پارتەکان.

زۆر جار هاوپەیمانی نێوان هەندێك ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان و گرووپێکی فشار کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دڵسۆزی بۆ پارت و گوێڕایەڵی سەرۆکی پارتەکە، ئەمەش لەمیانەی هەژموونی دارایی گرووپەکانی فشار کە تێبینی دەکەین لەدەوری هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری دەسوڕێنەوە.[73]

(72) د. بطرس غالي و د. محمود خيري عيسي، المدخل في السياسة، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە، ٢٨٤ — ٢٨٥.

(73) V. O. Key Dr: politics, parties and pressure Groups, op, cit, p, 156 - 159

**بابەتی دووەم: ڕێکخستنی گرووپەکانی فشار بەپێی یاسای فیدراڵی بۆ ساڵی ١٩٤٦:**

ساڵی ١٩٤٦ کۆنگرێس هەوڵی ڕێکخستنی چالاکی گرووپەکانی فشاریدا لەمیانەی یاسایەکی فیدراڵییەوە کە لەو بارەیەوە دەرچوو، ئەم یاسایە بەیەکەم هەوڵی کۆنگرێس دادەنرێت بۆ دەستگرتن بەسەر گرووپەکانی فشار و چالاکییەکانیاندا لەڕێگەی یاسادانانەوە. لەم یاسایەدا لەمپەرەکان کەمن و مەبەستی بلاوەپێکردنی چالاکییەکانی ئەو گرووپانەیە لەسەر ئاستێکی فراوان لەڕێگەی دەقەکانیەوە، گرووپەکانی فشاریش چەندەرخنەیەکیان لە یاساکە گرتووە لەسەر ئەوبنەمایەی کە ماددەکانی ئاڵۆز و نادیارە و تێکەڵی تێدایە ئەمەش بووە بەهۆی ملکەچ نەبوون بۆ فەرمانەکانی، هەروەها کۆنگرێس وەکالەتێك یان دەستەیەکی پێك نەهێنا بۆسەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاساکە و بەگشتی خەڵکیش ئاگاداری ئەو بابەتانە نین کە لەکۆنگرێسدا سەبارەت بە ڕاپۆتە چارەکە ساڵییەکان بلاودەکرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە گومان لە بەها یان کاریگەری یاسا کە دەکرێت لەسەرگرووپەکانی فشار، هەروەها کۆنگرێس نکوڵی تەواو لە دەورکردنی هەر لائحەیەك دەکات کە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ئازادی قسەکردن یان ئازادیی ڕۆژنامە و مافی تاك یان کۆمەڵە لە پێشکەش کردنی شکایەتدا.[74]

(74) لەساڵی ١٩٤٦ یاسای ڕێکخستنی گرووپەکانی فشار دەرچوو ( Federal Regulation Lobbing Act) کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(١) ئاشکرا کردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە پارە وەردەگرن بەمەستی خەرجکردنی بۆ کاریگەری لەسەر بەڕێوەچوون یان کێشە دروست کردن لە یاسا پێشنیارکراوەکانی بەردەم گۆنگرێس.



یاسای لۆبی دەرچووی ساڵ (١٩٤٦) ساڵی ١٩٥٤ تانەی لێگیرا لەبەردەم دادگای باڵا، دوای دووساڵ لە دەرچوونی یاساکە چەندین کەس لەلایەن حکوومەتەوە تۆمەتبارکران بەلادان لەو دووماددەیەی تایبەتن بە تۆمارکردن و پێشکەش کردنی ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەستن بەداهات و خەرجییەوە.

ساڵی (١٩٥٣) دادگایەکی پلە نزم بڕیاریدا کە یاسای لۆبی ئاڵۆز و نادەستوورییە، لەسەر ئەوبنەمایەی کەسەرپێچیی هەمواركردنی پێنجەم دەکات لە بەشی تایبەتی بنەماکانی ڕێوشوێنە یاساییەکان، سەرەڕای ئەمە هەمان دادگاپێی وابوو تۆمارکردن و نووسینی ڕاپۆرت و دەقەکانی سزادان کە لە یاسای لۆبیدا هاتووە، ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و مافی بەرزکردنەوەی دڵنەوایی بۆ حکوومەت لە پێناو وەرگرتنی قەرەبوو لەسەر ئەو ستەمکارییانەی لە هەموارکردنی یەکەمدا هاتوون، ئەمانە هەموو پێشێل دەکات.

دادگای باڵا بەزۆرینەی (٥) دەنگ دژی (٣) دەنگ بڕیاری دەستووری بوونی یاسای لوبی دەرکرد، لەکەیسی بەرزکراو دژی (V. Horris) لەویلایەتە یەکگرتووەکان.[75] د. سعاد الشرقاوی پێی وایە بەهۆی عادەت و ڕای گشتییەوە ئەم

(٢) پابەندکردنی کەسایەتی و کۆمەڵەکان بە تۆمارکردنی ناو و ئەوانەی بەکاریان دەهێنن، و ئامرازەکانی گفتوگۆکردنیان و ئەو برە پارانەی دەستیان دەکەوێت و مەبەستی خەرجکردنی و ئەوماوەیەی لەسەری ڕێککەوتوون بۆ بەردەوامی فشار.

(٣) هەموو گرووپێکی فشاری تۆمارکراو پێویستە ڕاپۆرتێکی چارەکە ساڵی پێشکەش بکات لەبارەی چالاکییەکانییەوە و ئەو ڕاپۆرتە لە چاپخانەی کۆنگرێس بلاودەکرێتەوە.

(٤) ئەم سزایانە دەدرێت بەسەر هەر گرووپێکی لە یاسادەرچوو: غەرامەکە دەگاتە دە هەزاردۆلاری ئەمریکی یان سجن بۆ ماوەیەك کە دەگاتە پێنج ساڵ هەروەها ڕێگرتن لە چالاکییەکانی گرووپەکە بۆماوەی سێ ساڵ.

(75) Peter woll and Robert H. Binstock, America's political system, 3 rd ed, Random house, newyork, 1975, p. p, 254 – 255.



PDF 4 KURD

یاسایە کاریگەرییەکی باشی نەبوو لە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی گرووپەکانی فشار لە دەسەڵاتە گشتییەکان و ئەندامانی کۆنگرێس.[76]

ئێمەش پێمان وایە ئەم یاسایە نەیتوانی فراوان بوونی دەستێوەردانی گرووپەکانی فشار کەم بکاتەوە، و بۆ پابەندکردنی گرووپەکانی فشار بۆ کارکردن لە چوارچێوەی تا لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا کاربکەن پێویستە ڕێگریی بکرێت لە بەدەستهێنانی برێکی زۆری هێز لەلایەن گرووپەکانی فشارەوە تا توانای ئاراستەکردنی تەواوی سیاسەتیان نەبێت.

هەروەها توندکردنی دەقەکان بەمەبەستی زیاد کردنی چاودێری لەسەر چالاکی گرووپەکانی فشار لەوانەیە چەندبابەتێکی مەترسیداری بوێت لە لایەنی مافە دەستوورییەکانەوە وەکو ئازادی کۆبوونەوە و قسەکردن و پێشکەش کردنی داواکاری.

(76) د. سعاد الشرقاوي النظم السياسيه في العالم المعاصر سالی ١٩٧٦، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٠١



## توێژینەوەی دووەم:

## گرووپەکانی فشار لەشانشینی یەکگرتوو

لەبریتانیادا جیاکردنەوەی چالاکی گرووپەکانی فشاری ئاراستەکراون بەرەوحکوومەت یان پەرلەمان یان ئاراستەکراو بەرەو جەماوەر زۆر قورسە، لەم سێ ئاستەی چالاکییەکانەوە حکوومەت و فەرمانبەرەکان دەوڵەت زۆرترین و گرنگترین چالاکییە راستە چالاکییە راستەوخۆکانیان ئاراستەکراوە خۆکانن، ئەمەش بەرچاو کردنی کۆبوونەوەی زۆربەی دەسەڵاتەکان لای حکوومەتی ناوەندیی.

لەگەڵ ئەوەی گرووپەکانی فشار دیاردەیەکی نوێ نییە بەڵام هێزێکی گەشەکردوون لە سیاسەتی بریتانیادا، لەبەرئەوەی حکوومەت کاربە پەیوەندیی راستەوخۆ دەکات لەگەڵ جەماوەریدا ئەمەش هێزێکی گەورە دەبەخشێتە چالاکی گرووپە ڕێکخراوەکان و هەروەها ئاسان کردنی پەیوەندییەکانیان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا و زیادبوونی ریکلامەکانیان لە دەزگاکانی راگەیاندندا، بەمانای ئەوەی کە گرووپەکانی فشار ئامرازی کاراتری هەیە و بۆ کاریگەری لەسەر رای گشتی، بریتانیا لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین ڕێکخستنی تێدایە لەجیهاندا. ئەمەش کردوویەتی بەشانۆیەك بۆ گرووپەکانی فشار زیاتر لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.[77]

لە رۆژگاری ئێستادا لە بەریتانیادا هەزاران گرووپی ریکخراو هەیە کە لەرووی قەبارە و پەیکەر و[78] دەسەڵاتەکانیانەوە جیاوازن، لە یەکێتییە پیشەسازییەکانەوە

(77) Punnet (R. M): British Govrnmen t and Politic, op, cit, p. 135

(78) جیاکردنەوەیەکی گرنگ و بەسوود هەیە بۆ گرووپەکانی فشار لە بریتانیا کە بەم شێوەیە

١- ئەوگرووپانەی بەرژەوەندی ئابوورییان هەیە:

(أ) یەکێتییەکرێکارییەکان/ کە نوێنەرایەتی کرێکاران دەکەن هەوڵ بۆ باشتر کردنی کرێ و بارودۆخی کرێکاران دەدەن هەروەها کاریگەری لەسەر حکوومەت لەرێگەی باوەرپێهێنانی سیاسەتە گشتییە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانەوە.

بۆ یەکێتی کرێکارانی گواستنەوە و گرووپە بچووکە ناوەرۆك لاوازەکان کە هەوڵ بۆ ئامانجی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەدەن نایانەوێت هێزێکی سیاسییان هەبێت بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی حکوومەت بەڵام گرنگی دەدەن بە بابەتێکی دیاریکراوی سیاسەتی گشتی و هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی سەرەنجامی دیاریکراو،[79] گرووپەکانی فشار پێشنیارەکانیان پێشکەش دەکەن بە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەویش بریار لەسەر قەبووڵ یان رەت کردنەوەی دەدات.

لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەسیفەتی تاك و بەشێوازی رێکخراو لەگەڵ پارتەکانیاندا دەنگ دەدەن بۆیە پیادەکردنی فشار لەسەر ئەو ئەندامانە بەسیفەتی شەخسی بێ ئەنجام دەبێ.

(ب) دەستە خاوەنکارەکان/ ئەو دەستانەن کە گرنگیی بە دابین کردنی باشترین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵاییەتی دەدەن بۆ خاوەنکارەکان و توانای کاریگەرییان هەیە لەسەر بریارەکانی حکوومەت.

(ج) یەکگرتنە پیشەییەکان، نوێنەرایەتی خاوەن پیشەییەکان دەکات و بەرگری لەبەرژەوەندییەکانیان دەکات وەکو گرووپی پیشەیی پزیشکان و یەکێتی نەتەوەیی مامۆستایان.

٢- گرووپەکانی جۆرییەکان/ بۆ خزمەتکردنی بابەتێکی دیاریکراو، دوو جۆرن:

(أ) خاوەن ئامانجە (جزئیەکان) کەرتییەکان: واتە بەرگری لەبەرژەوەندی چەند گرووپێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەکەن وەکو پەککەوتەکان یان چاودێری منداڵە هەژارەکان.

(ب) گرووپەکانی رەئی/ واتە ئەو گرووپانەی کەهەمان فکر و بڕوا و بۆچوونیان هەیە وەکو کۆمەڵەی چاکسازی هەڵبژاردنەکان یان ئەنجوومەنی نەتەوەیی بۆمافە شارستانییەکان، گرووپەکانی رەئی بەزۆریی هەوڵی کاریگەری دەدەن لەسەر رای گشتی لەرێگەی بلاوکراوە و ریکلام و رێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتیانە لەپێناو ئەو کەیسە کە هەوڵی بۆ دەدەن.

(79) R. M. Punnet: op cit, p, 134.



**بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و سیستەمی سیاسی بەریتانیا**

لەسیستەمی سیاسی بریتانیادا چەند روخسارێکی دیاریکراو و تایبەت هەیە کە هاندەر و یاریدەدەرن بۆ زیاد بوونی چالاکی گرووپەکانی فشار، ئەو روخسارانەش بەم شێوەیە دەخەینە بەرچاو:

١- بەگشتی، پابەندبوونێکی بەهێزی حیزبی هەیە و هەروەها پابەندیی بەو لائحانەش کە تایبەتن بە تەمبێ کردن.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بکات و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنێکی تر بکات.

٣- وەزیفە سیاسییەکان لەبریتانیادا بەدرێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت.

٤- هەڵبژاردنە گشتییەکان بەپێی پێویستی سیاسەتی گشتی ئەنجام دەدرێت نەك ماوە و خولی دیاریکراو.

٥- بەهۆی تێکەڵاویی دانیشتوان و بەسەربردنی ژیان لەسەر پارچە زەوییەکی دیارکراو (بەشێوەیەکی رێژەیی) هاووڵاتییانی بریتانیا زیاتر بەلای سیاسەتی نیشتمانییەوە دەچن، زۆرتر لە ئەمریکییەکان.[80]

٦- سیستەمی بریتانیا یەکگرتووە دەسەڵاتەکانی لە حکوومەتی ناوەندیدا کۆبوونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گرووپەکانی فشار راستەوخۆ چالاکییەکانیان بۆیەك دەزگا ئاراستە دەکەن کە ئەویش حکوومەتی ناوەندییە.

٧- لەهەمان کاتدا لە بریتانیا عادەتێکی مێژوویی هەیە لە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی پەرلەمان و ئەو دەستانەی کە خاوەنی چالاکی ئابوورین ئەمەش یارمەتی بەرەوایی (شرعی) سەیرکردنی ئەو پەیوەندییانە دەدات کە لەنێوان پارتەکان و هەندێك گرووپی فشاردا هەیە لە بریتانیا.[81]

(80) G. A. Jacobson and M. H. Lipman: political Science, op, cit, p. 108

(81) punent (R. M): British Government and pond politices, op, pp. 135 – 136.



PDF 4 KURD

- هەموو ئەم روخسارانە گرنگی ئەو هەڵسەنگاندنە زیاد دەکەن کە لەلایەن رای گشتییەوە دەکرێت، جا ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ پیاوانی یاسادانان بێت یان بۆ پیاوانی حکوومەت، ئەمەش لەهەر ئەگەرێکی گرووپەکانی فشار لەسەر حکوومەت کەم دەکاتەوە کە پێچەوانەی دەستەی دەنگدەران بێت.

لەڕاستیدا چالاکی سیاسی گرووپەکانی فشار بۆ زۆربەی خەڵکی کراوەیە، سەرکردایەتی گرووپەکانی فشار سەربە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگان نەك تەنیا کورت بنەوە لەسەر یەکێتییە کرێکارییەکان یان لەسەر نوخبەی هەڵبژاردەی رۆشنبیرانی کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی هەژموونی نوخبەی دەسەڵاتدار، لەسەر هەردوو حیزبەکە درێژبۆتەوە بە ناو هەموو گرووپە بەهێزەکاندا.

حکوومەت چەندین دەسەڵات و ئامرازی بەرپەرچدانەوەی گرووپەکانی هەیە و سیستەمی زەمانات و رێوشوێنی خۆپارێزی دەخاتەکار هەتاگرووپەکان هەست نەکەن حکوومەت لەهەڵوێستێکی لاوازدایە، گرووپەکان هەل و دەرفەت و کاتی تەواویان هەیە بۆ دەربرینی بۆچوونەکانیان ئامێرێ راوێژ کردن ( Machinery of Counsulation) بەباشی گەشەی کردووە لەگەڵ بوونی چەند ناتەواوییەکی رووکەشی و زۆربەی گرووپەکان دانپیانراوی نوێنەرەکانیان و بەشدارن لە لیژنە حکوومییەکاندا و چەندین گفتوگۆی دورودرێژ و دروست هەیە لەنێوان گرووپەکان و حکوومەتدا[82] لەبەر ئەوە سیستەمی حوکم لە بریتانیا گرنگی دەدات بە ئاستێك لە کۆدەنگی و هاوڕایی و بڕوای بەرامبەر لەنێوان گەل و حکومەتدا، و حکوومەت بەزۆری پشت دەبەستێ بە نییەتی باشی خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان و گفتوگۆ و هاوڕایی و ئاشتبوونەوەی پێ باشترە و نایەوێت حەزەکانی خۆی بسەپێنی بەسەر گەلدا، هەر ئەمە دوورترین ئاستە کە حکوومەت دەیەوێ ئەمەش لەوانەیە

(82) J. D. Stewart: British pressure Groups. Op. cit, p. 241



گۆڕانگاری زۆر و گرنگ لە نیەتەکانی حکوومەتدا بکات و هەروەها گۆڕانکاری لەوەرگێڕانی بۆچوونە نموونەییە سیاسییەکانی حکوومەت بۆ واقع و راستی بەپێی یاسادانان و جێبەجێکردن.[83]

نووسەری بریتانی (J. D. Stewar) پێی وایە لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکەی ئێمەدا گرووپەکانی فشار پێویستن بۆ حکوومەت. ئەو دەربڕینە پێویستییانەی دەیکەن بۆ راوبۆچوونەکانیان گرنگن و ئەو گرووپانەبوون بە چینی پێنجەم (Fifth Estate) و ئەو ئامرازەی زۆرێك لە تاکەکان سوودی لێ وەردەگرن لەسیاسەتدا. و بەبێ ئەوان یان نەبوونیان لەوانەیە ببێتە هۆی گەشەسەندنی نەزانی و لە ناوچوونی زانست و زانیاری، و زۆر گرنگە سیستەمی حوکم بە شێوەك بێت کە ئەو گرووپانە بتوانن لێپرسراوانە رۆڵی خۆیان بگێرن.[84]

بەشێوەیەکی گشتی گرووپەکانی فشار لە بۆشاییەوە کارناکەن و هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی رای گشتی لەمیانەی هەڵوێستە سیاسییەکانیانەوە، و نرخ و بەهای بنچینەیی ئەم گرووپانە لەوەدایە کە حکوومەت پێش دەرکردنی هەر بریارێك راوێژیان پێدەکات و زۆر ئاساییە بۆ هەردوولا کە گفتوگۆ و راگۆڕینەوە بکەن بەبێ هیچ هەڕەشە و ترساندن و بەرتیلێك لەبەر ئەوەی هەرلایەکیان پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی لایەنی بەرامبەر هەیە.

**- گرووپەکانی فشار هەوڵی بەدەستهێنانی چەند شتێك دەدەن لە حکوومەتەوە:**[85]

١- گرووپەکان هەوڵ دەدەن ئاراستەکانی حکوومەت بزانن بۆ ئەوەی سیاسەتەکانیان کاریگەربێت.

(83) R. M. punnet: British Govern men t and politics. Op. cit, p. 419
(84) J. D. Stewart: British pressure Groups. Op. cit, p. 244.
(85) Richard Rose: politics in England, 3 rd ed, Brown and Co. Boston, prifed in the U. S. A. 1980.



PDF 4 KURD

٢- گرووپەکان هەوڵ دەدەن پاڵپشتی حکوومەت بەدەستبهێنن، بەتایبەتیش پاڵپشتی گەورە پیاوانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دەسەڵاتی خەمڵاندنیان (السلطة التقديرية)یان هەیە، و دەتوانن بریاری رێگە پێدان یان رێگرتن بدەن لە سنووری لائحە و یاساکاندا.

٣- گرووپەکانی فشار هەوڵ دەدەن کاریگەرییان هەبێ لەسەر سیاسەتی حکوومەت، باشترین نموونەش، هاندانی حکوومەتە لەلایەن گرووپەکانەوە بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە یاسایەك.

٤- گرووپەکانی فشار هەوڵ دەدەن شوێن و ناوەندێکی یاسایی بەهێزیان هەبێ.

**لە بەرامبەرشیدا دەبینین حکوومەت هەوڵی بە دەستێنانی چەند شتێك دەدات لە گرووپەکانی فشارەوە، بەم رێگایانە:(86)**

١- بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەهەندێ بواری تایبەت و دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، کە بەبێ ئەو زانیارییانە ئەستەمە حکوومەت بتوانێ چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات.

٢- بادانەوەی حکوومەت بەلای پەیوەندی و راوێژ لەنێوان خۆی و رای گشتیدا لەماوەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

٣- پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە پارتەکانی دەرەوەی حکوومەتەوە.

٤- حکوومەت ئەوەباش دەزانێ کە وڵامدانەوەی داواکاری گرووپەکانی فشار واتای بەدەستهێنانی پشتگیری ئەوانە.

٥- ئەگەر سیاسەت بەشێوەیەکی فەرمی پابەندکرا، ئەوا حکوومەت بۆ هاوکاری لە جێبەجێکردنی یاساکاندا پشت بەگرووپەکانی فشار دەبەستێ.

(86) Bill Jones and Dannis Kavanagh: op. cit, p. 129 Richard Richard Rose, op. cit, p. 243 هەروەها بڕوانە



**گرووپەکانی فشار لەبریتانیا چەند رەخنەیەکیان لێ گیراوە، کە بەم شێوەیەیە:(87)**

١- گرووپەکانی فشار بەزۆری نوێنەرایەتین، و زۆربەکەمی رەنگدانەوەی رای جەماوەرن.

٢- بەڕای کۆمەڵێکی تر، گرووپەکانی فشار توانای پەرلەمانیان لاوازکردووە بەهۆی کارکردنێکی زۆر لەگەڵ وەزیر و فەرمانبەرەکانی حکوومەت، و ئەگەر کاتی ئەوە هات پەرلەمان چاو بە یاساکاندا بخشێنێتەوە تا بابەتەکان تاڕادەیەك بڕیارلێدراوبن.

٣- گرووپەکانی فشار بە یەکسانی نوێنەرایەتی کۆمەڵگا ناکەن، بۆنموونە نایانەوێت لەگەڵ کۆمەڵە بەهێزەکانی کۆمەڵگادا کاربکەن هەروەها بەزۆری روودەکەنە بەرهەمهێنەکان زیاتر لە چاودێری بەرژەوەندیی بەکاربەرەکان.

**بابەتی دووەم: گرووپەکانی فشار و پارتە سیاسییەکان لە بەریتانیا**

لە بەریتانیادا تێکەڵاوییەك لەنێوان گرووپە فشارییە سیاسییەکان و پارتەکاندا هەیە بەرەچاوکردنی ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی هەیە لە نێوانیاندا بەتایبەتیش پەیوەندیی ئەو گرووپانە بە هەردوو پارتە سەرەکییەکەوە، سەرەڕای ئەمەش پارتی پارێزگاران چەندین یارمەتی دارایی گرنگ لە خاوەنکار و دامەزراوەکانەوە وەردەگرێ لەسەر ئەم بنەمایەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەك هەیە لەنێوان پارتە سەرەکییەکان و خاوەن بەرژەوەندییە گرنگەکانی کۆمەڵگادا.(88)

مامۆستا (S. H. Beer) پێوایە، لاوازی فەلسەفەی پارتەکان دەتوانێ ببێتە هۆی بەخشینی کاریگەری و دەسەڵاتی زیاتر بە گرووپەکانی فشار، سیاسەتی چینایەتی یان فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەم تاکتیکە یان لەو هێزە پێکهێنەرانەوە بەرهەم نایەت بەڵکو جۆرێك لە سیاسەتی فشار بەرهەمدەهێنن ( Perssure

(87) Bill Jones and Dannis kava nagh: op. cit, p. 130
(88) R. M. puneent: op. cit, pp.141 – 142



PDF 4 KURD

Politics) و لەوانەیە دەستەواژەکەش زۆر وردنەبێت، هەروەکو لە سیاسەتی بریتانیادا پەیرەودەکرێ.

کەواتە وەك دەووترێ سیاسەت، یان گرووپێکی پاڵنەری حکوومەت دروستی دەکات یان پارتێك بە ئاراستەیەکی جیاواز.

زۆرجار کاتێك حکوومەت و حیزب لە کێبەرکێی بەدەستهێنانی هەڵبژاردنەکاندا دەبن لە هەمانکاتدا گرووپەکانی فشار ماف و چیەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن و دەیوروژێنن بۆ جێبەجێکرنی داواکارییەکانیان.[89]

هەروەها زانا (مۆریس دیڤەرجێ Mourice Duverger) پێوایە (لەولاتێکی وەکو بەریتانیادا کە تەنیا دوو پارت دەستیان بەسەردا گرتووە و دووپارتی زۆر باش رێکخراون، دەکرێت هاوسەنگییەك دروست ببێت لەنێوان ئەو رێکخراوە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندگەلێکی بەهێز دەکەن و گرووپەکانی فشار کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی تایەفی دەکەن.[90]

**بابەتی سێیەم: هەڵسەنگاندنی گرووپەکانی فشار لە سیستەمی ئەنگلوسەکسۆنیدا (ئەمریکا و شانیشنی یەکگرتوو)**

هەڵسەنگاندنی هێزی گرووپەکانی فشار لەهەریەك لە بریتانیا و ئەمریکا کارێکی زۆر قورسە بەرچاوکردنی جیاوازی چوارچێوەی کاری هەریەکێکیان لەسیستەمی سیاسیدا، و لەو جیاوازییانەشدا هەر گرووپێك ئامرازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێ،[91] بەڵام دەتوانرێت هەڵسەنگاندنێك بۆ گرووپەکان بکرێت لە هەردوولا:

بەهۆی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە، کۆنگرێس بووە بە ئامانجی گرووپەکانی فشار لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەڵام ئامانجی گرووپەکانی فشار لەبریتانیا بەرەوحکوومەت ئاراستەکراوە، ئەوەش روون و ئاشکرایە کە پەیوەندیی

(89) J. D. Stewart: Britishpressure Groups. Op. 241 - 242
(90) Frank stacy: the Government of Modrern British. Clarendon press, London, 1986. p. 3.
(91) Frank Stacy: op. cit . pp329 -330.



نێوان کۆنگرێس و گرووپەکانی فشاری ئەمریکا زۆر بەهێزترە لە پەوەندیی نێوان پارلەمان و گرووپەکانی فشاری بریتانیا، و هیچ کەسێك نکوڵی لەوە ناکات کە گرووپەکانی فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆسپ خستنە بەردەم دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هێزێکی زیاتریان هەیە لەوانەی بریتانیا[92] و (Samuel Beerd) پێوایە گرووپەکانی فشار لەبریتانیا بەهێزترن لەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و بەسێ بنەماش بەڵگە دەهێنێتەوە:

**یەکەم:** گرووپەکانی فشار لە بەریتانیا تەرکیزیان زیاترە لەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**دووەم:** بەم شێوەیەش نموونە دەهێنێتەوە، پاداشتدانەوەکان لەبریتانیا زۆرتر و بەرزترن لەویلایەتە یەکگرتووەکان، کاتێك حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بریتانیا لەساڵی (١٩٤٥)وە خۆیان پابەند کردووە بە هەڵسوکەوت کردن وەکو دەوڵەتێکی خۆشگوزەران و خاوەن ئابوورییەکی ئاراستەکراو، هەر لەم کاتەدا گرووپەکانی فشار دەتوانن چەندین کەمبوونەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتەکاندا بەدەست بهێنن کە بەهای زۆر لەوە زیاترە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەست دەهێنرێ.

**سێیەم:** ئەندام پارلەمانی بریتانی تارادەیەك لە کاریگەری گرووپەکانی فشار پارێزراوە بەهۆی پابەندیی بە هەژموونی پارتەکانەوە، لە بەرامبەردا دەبینین ئەندامانی گۆنگرێس تووشی چەندین فشاری توند دەبن لەناوچەکانی هەڵبژاردندا، هەندێ جار روودەدات کە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان پشکەکانی خۆیان دەوەستێنن لە سندوقی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەو ئەندامەی کۆنگرێس و هەوڵ دەدەن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەندامەکەی بەرامبەری ئەگەر گوێڕایەڵکردنی ئاسانتر ملکەچ دەبوو.[93]

(92) Frank Stacy: The government of Mod ern Britian. Clarend on press
(93) بۆنموونە نزیکەی (٩٠٪)ی جووتیارە بەریتانییەکان ئەندامی یەکێتی نەتەوەیی جووتیارانن، لەکاتێکدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی (١٩٥٦) سێ گرووپی جووتیاران هەبوون کە تێکڕای ئەندامێتی تیایاندا تەنیا (٣٠٪) هەموو جووتیارانی ئەمریکابوو.

## توێژینەوەی سێیەم:
## گرووپەکانی فشار لە فەڕەنسا

لای فەرەنسییەکان دوو بیردۆزی دژیەك و ناکۆك هەن دەربارەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان، یەکێك لەبیردۆزەکان وەکو قەڵای ئازادی سەیری گرووپە خاون بەرژەوەندییەکان دەکات، بەشێوەیەك ئەو گرووپانە لەنێوان تاکی دابڕاو و دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتدا دەوەستن، بنچینەی ئەم بیردۆزە، کە دژی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانە دەگەڕێتەوە بۆ (ڕۆسۆ) بەپێی ئەم بیردۆزە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە مەودای لادانیان لەبەرژەوەندیی گشتیدا زەرەر و زیان دەگەیەنن بە بەرژەوەندیی گشتی، و ڕۆسۆ پێی وایە کە یاسا باشەکان (Good laws) پێویستە دەربری ویستی گشتی (General will) بن واتە ئەوەی کە خەڵك دەیەوێت، ئەمەش کاتێك هەمووکەس بەشدار بێت بە یەکسانی لەبڕیارداندا و بڕیارەکەش بەسەر هەموو کەسێکدا بسەپێنرێت بەڵام لەسایەی[94] کۆماری چوارەمدا کەمبوونەوەی توند روویدا لە هێزی سیاسی پارتەکاندا ئەمەش ڕێگای کردەوە لەبەردەم زۆربوونی گرووپەکاندا لەبارودۆخێکدا کە هاوڕایی لەسەر بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەم بوو کە بووە هۆی ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکان لەبری چارەسەرکردنیان.[95]

(94) Roy pierce: French political Instituion, Hrper and Row, newyork 1986. p. 192.

(95) د. نعمان الخطيب: الأحزاب السياسية و دورهافى أنظمة الحكم المعاصره (سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕ ١٦٣ – ١٦٤.



وادیارە گرووپەکانی فشار لەفەڕەنسادا بەهێزترن لەوانەی بریتانیا، زۆرتر هەوڵ بۆ وروژاندنی بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانیان دەدەن لەسەروو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە، پێدەچێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سیستەمی حوکم لەفەڕەنسا کە هەمیشە هێزێکی زیاتر دەدات بە ئەنجوومەن زیاتر لەو هێزەی کە دەیدات بە حکوومەت، ئەمەش بووبەهۆی دروست کردنی سەنگێکی گەورە بۆ لیژنە پارلەمانییەکان و گرووپەکان، و گرووپەکانی فشاریش نەك هەر نوێنەرایەتییەکی بەهێزیان هەیە لەو لیژنانەدا بەڵکو هیچ پرۆژە بریارێك ڕەزامەندیی ئەو لیژنانە وەرناگرێ بەبێ ڕەزامەندی و هاودەنگی نێوان گرووپەکانی فشار کە لەو لیژنانەدا نوێنەریان هەیە.[96]

(96) د. بطرس غالي و د. محمود خيري عيسى، المدخل في علم السياسية (سەرچاوەی پێشوو) لاپەڕە (٢٨٥ – ٢٨٦).



PDF 4 KURD

## تویژینەوەی چوارەم:

## گرووپەکانی فشار لە ئەلمانیای فیدراڵ

لە ئەلمانیادا دەستەواژەی (Verbande) بەکاردەهێنرێت بۆ ناونانی گرووپەکانی فشار کە مانای (رایەڵە، یەکگرتوو) دەگەیەنێ مەبەست لەو رایەڵانەیە کە گرنگی بەژیانی کۆمەڵایەتی دەدەن و هیچ پاڵنەرێکی سیاسیان نییە.(97)

گرووپەکانی فشار لە ئەڵمانیا تەنیا گرووپ نین لە گەیاندنی داواکارییەکانیان و پێشکەش کردنی پشتیوانی بەدەسەڵاتە سیاسییەکان، بەڵکو چەندین گرووپی تر هەن کەهەوڵی بەدەستهێنانی هەمان مەرام دەدەن، لەوانەش وەکو ئەو گرووپانەی کە چالاکییەکانیان ئاراستە دەکەن بەرەو هۆڵەکانی ئەنجوومەنە یاساییەکان وەکو گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و گرووپە دەستەییەکان و رایەڵەکان و بە هەموویان دەووترێ گرووپەکانی فشار، و لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی چەندچینێکی جەماوەریش دەکەن لای دەسەڵاتەکان بۆیە ئەم گرووپانە بەشداری چالاکی سیاسیش دەکەن لەئەڵمانیای فیدراڵ، هەروەها قەبارەیان لەپارتەکان بچووکترە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم گرووپانە چروپرییەکی کەمتریان هەیە لە چالاکی سیاسیدا.(98)

گرنگی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان لەوەدا کۆدەبێتەوە کە پەیوەندییان هەیە بەچالاکی فراوانی حکوومەت لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزی بیرۆکراتی و رۆتینەوەیە، تەنانەت لەهەوڵەکانی حکوومەتیش لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی گەلدا، بۆ هاوکاری ژوورە بازرگانییەکان و رێکخراوە

(97) Kurt Sontheimer: The Govern ment and poliies of west Germany, Hutchi son and Co. Lond on 1972. p. 97

(98) Geofery K. Roberts: West German Politics. Macmilan, Lon don. 1972



کشتوکاڵییەکان و رایەڵەکانی تر بۆ ئامۆژگاری کردنی دەزگا حکومییەکان لەبابەتە هونەرییەکاندا.(99)

وەکو بنەمایەکی گشتی یەك گرووپی فشار هەیە بۆ کۆمەڵێك بەرژەوەندیی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، و زۆر بەدەگمەن گرووپەکانی فشار لە ئەڵمانیا پەنا دەبەنەبەر کێبەرکێ بۆ پەیدا کردنی ئەندامی نوێ، زۆر بەدەگمەن بەرژەوەندیی ئەم گرووپانە دژبەیەك و ناکۆك دەبێ بەهۆی مەترسی دروست کردنی بارێکی ناهەموار بۆ فەرمانگا حکومییەکان بەهۆی ئەو کێبەرکێیەوە، ئەمەش ناوەندی گرووپە فشارییە گەورەکان بەهێزتر دەکات لە کۆمەڵگادا و دەیکاتە هاوکار و تێکەڵ لەگەڵ سیستەمی حوکمدا.(100)

**– سیاسەتی ستراتیجیی گرووپەکانی فشار لە ئەڵمانیای فیدراڵ:**

سیاسەتی ستراتیجیی گرووپەکان بەکەش و هەوای رۆشنبیری و سیاسی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ زۆر کاریگەردەبن، بەهەموو پەیکەر و دام و دەزگا دەستووری و سیاسیەکانییەوە، هەروەها کاریگەر دەبێ بەسروشتی ئەو بابەتەگشتییانەی کە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، بەگشتی گرووپەکانی فشار بۆیان هەیە یان دەتوانن کاریگەربن

(99) بۆنموونە حکومەتەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوا، هەرچەندە سیاسەتێکی بنیاتنراوی نەبوو لەسەر پلاندانانی ناوەندیی، بەڵام پەیوەندیی توکمەی هەبوو بە ژیانی ئابووری وڵاتەوە (هەروەك لەسەردەمی تەنگژەی خەڵوزدا روون بۆوە). هەروەها حکومەت پەیوەستە بە بەرنامەیەکی فراوانی خزمەتی کۆمەڵایەتییەوە، هەربۆیە دوو چالاکی حکومەت هەیە کە هاندەری پێکهێنانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانن لەوبوارانەدا.

(100) ئەم گرووپانە ناوەندی دیاریان هەیە لەکۆمەڵگادا بۆیە سیاسییەکان ناتوانن ئیهمالیان بکەن، لەساڵی (١٩٦٤) راپرسییەك ئەنجام درا لە ئەڵمانیای فیدراڵدا و (١٩٪)ی ئەنجامەکانی راپرسییەکە جەختی لەسەرئەوە دەکردەوە کە گرووپەکانی فشار هێز و هەژموونێکی زیاد لەپێویستیان هەیە، بۆیە جیاوازییەکی گەورە نییە لەنێوان لایەنگرانی گرووپەکاندا.



PDF 4 KURD

لەسەر ئەندامانی پارلەمانی فیدراڵی (بۆندستاج Bundestag) بەڵام توندوتیژی سیستەمی پارتەکان کە لایەنگری و پشتگیری دەکاتە پێویستی لەکاتی پێشنیارکردنی سیاسەتەگشتییەکاندا بۆ پارلەمان، بووە بەهۆی کەمکردنەوەی فشاری دژ، کە گرووپەکانی فشار پیادەی دەکەن، بەڵام ئەم گرووپانە لەوانەیە هەوڵی کاریگەر بدەن لەسەر پارتەکان بۆ رێخۆشکردنی کەش و هەوایەکی گونجاو لەسەر ئاستی ئەندامانی پارتەکە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، یان بیەوێت پشتیوانی تیمێکی ناو پەرلەمان بەدەست بهێنێ، هەروەك چۆن هەوڵی پڕکردنی رای گشتی دەدەن بە ئامرازە جۆراوجۆرەکان.[101]

گرووپەکانی فشار هەژموونی خۆیان چڕ دەکەنەوە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم دەسەڵاتەش بیروبۆچوونی وەزیرەکان دەستی بەسەراگرتووە، بەپێی لائحەکانیش گوێگرتن لە نوێنەرانی گرووپە بنچینەییەکان بەپێویست دەزانن، گرووپەکانی فشار هەژموونێکی گەورەیان لەسەر پارلەمان نییە بەوشێوەیەی کە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیانە. بەڵام گرووپەکان هەژموونی چری خۆیان لەرێگەی لیژنە پەرلەمانییەکانەوە پیادە دەکەن لەکاتی سەیرکردنی پرۆژەکانی حکوومەتدا، هەرئەمەش مەبەستی (S. finer)ە وەسفی گرووپەکانی فشاردەکات و دەڵێ: ئیمپراتۆرییەتێکن، ئامانجگەلێکیان هەیە کە بەکۆی دەنگ لەسەری رێککەوتوون، و لەم سالانەی دواییدا گرنگییەکی زیاتر دراوە بەرەئی ئەم گرووپانە لە رێگای لیژنە.[102]

(101) Geoffrey K. Roberts: West German politics, op. cit. p. 64.

(102) لەکاتی کۆبوونەوەی ئەم لیژنانەدا، ئەندامانی گرووپەکان بە پشتیوانی پسپۆرە بێلایەنەکان دەتوانن بۆچوونی خۆیان دەربڕن لەبارەی پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکانەوە، لەوکاتەدا دەرفەتێکی باش دروست دەبێ بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر رەوتی چالاکی یاسادانان لەلایەن نوێنەرانی گرووپەکانەوە. تێبینی دەکرێت کە سێیەکی ئەندام پەرلەمانەکان خۆیان نوێنەری گرووپەکانی فشارن



گومان لەوەدانییە کە گرووپەکانی فشار رۆڵێکی زیندوو دەگێرن بەتایبەتی لەکۆمەڵگاکانی پیشەسازییە کراوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی چاودێری کارا لەسەر چالاکییە شاراوەکانی پەرلەمانەوە. گرووپەکان کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە، سەرەڕای ئەوەش ئەم گرووپانە لێپرسراوێتی سیاسی ناگرنە ئەستۆ لەسەر ئەو چالاکییانە.

هەرچەندە چەندین رەخنە ئاراستەی چالاکی گرووپەکانی فشارکراوە بەڵام سرووشتی حوکمی دیموکراتی جێگیر لە ئەڵمانیای فیدراڵ یارمەتی ئەوە دەدات کە گرووپە بنچینەییەکانی فشار نەبنە کێشەیەکی دەستووری راستەقینە. لەڕاستیدا چالاکی گرووپەکانی فشار ئاماژەیە بۆ زیندوویی سیاسەتە دیموکراتییەکان لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا، لێهاتوویی و بەردەوامی گرووپەکانی فشاریش پشت دەبەستێ بەلێهاتوویی کەناڵەکانی پەیوەندیی نێوان ئەندامی ئەم گرووپانە لەلایەکەوە و جەماوەر بەگشتی و دەسەڵاتەکان لەلایەکی ترەوە.[103]

و ئەم رێژەیە لەهەندێ لیژنەدا دەگات (٥٠٪) وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئەولیژنانەی گرنگی بەخزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەدەن.

(103) Geoffrey K. Robers: West German Politics, op. cit. p. 65.

## توێژینەوەی پێنجەم:

## گرووپەکانی فشار لە یەکێتی سوڤێتی – پێشوو – یەکێتی رووسیا- ئێستا

کۆمەڵگای سوڤێتی کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەیە، گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش پێناسە دەکرێن نەك تەنیا بەلایەنگیری چینایەتی بەڵکو بە بەیەکداچوونی ئاسۆیی و ستوونیش ناسراون. زۆرێك لە توێژەرە رۆژئاواییەکان هەوڵی شیکردنەوەی کۆمەڵگەی سۆڤێتیان داوە بەهۆی کاریگەری کۆمەڵەکان لەسەر سیاسەت. ئەم بەیەکداچوونەش کرێکاران و جووتیاران و رۆشنبیرانیش دەگرێتەوە و پاشان بەیەکداچوونی هەرێمی، لەسەر ئاستی نەتەوەییش چەندین کۆمەڵەی دینی هەیە، و گرووپگەلێك هەن لەسەر ئاستی نەتەوە و رەگەز (لاوان و ئافرەتان) یان کۆمەڵانێك لەسەر ئاستی داهات یان جیاکاری باری کۆمەڵایەتی، هەروەها جیاکاری لادێ و شاریش جیاوازی فراوان هەیە لەنێوان روانگەی ئەم گرووپانەدا، هەندێك گرووپ هەن چەند توێژێکیان لەخۆگرتووە کە خاوەنی گرنگییەکی تایبەتین وەکو گرووپەکانی جووتیاران لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرایەتییەکی فەرمییان نییە لە شێوەی رایەڵەدا، لەم خاڵەدا هاوشێوەی گرووپەکانی بەکاربەرانن لە دیموکراتی رۆژئاوادا کە هێزی فشاریان نییە لەسەر حکوومەت.



**بابەتی یەکەم: گرووپەکانی فشار و سیستەمی سیاسی سۆڤێت:**

باس کردنی بابەتی فشار لەسیستەمی سۆڤییێتیدا کارێکی سانایە. بەوشێوەیەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە، و کاتێك ئەو هێزە ئابوورییانەی کە دژایەتی بنەماکانی شۆرشیان دەکرد رێگەیان پێدرا بەردەوام بن و گەشەبکەن وەکو بابەتێك کە پەیوەندیی بەکاردانەوە ئابوورییەکانەوە هەبوو، بەڵام رێوشوێنی ئەوتۆگیرایەبەر تا رێگەیان پێنەدرێت بن بەهێزێکی سیاسی، لەبەرئەوەی ئەم گرووپانە لەڕوانگەی شۆرشەوە هیچ کاریگەرییەکیان نەمابوو وەکو هێزێکی ئابووری، هەربۆیە هەنگاوە یەکەمییەکانی پاکسازی، داماڵینی ئەو پێکهێنەرانەی کردبووە ئامانج کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرا بن بەکۆمەڵە گرووپێکی کاریگەری نوێ ئەمەش بێ جیاوازی کردن لە چوارچێوەی پیشەسازی سۆڤێتی یان لە ناو سوپای سوردا.[104]

لەسیستەمی کۆمەڵایەتی سۆڤییێتیدا چەند گرووپێك دەرکەوتن کە گرنگییان بەداهات و سەرمایەگوزاری دەدا بۆ بەدیهێنانی مەرامگەلێکی جیاواز کە هەندێکیان مەزهەبی و هەندێکی تریان ئابووری بوون، ئەم گرووپانە بوون و بەرژەوەندی و رۆڵ و هەژموونی خۆیان هەیە لەسیستەمی سۆڤییێتیدا، سەرهەڵدانیشیان بۆ کاتێکی زوو دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٣)، هەروەك سیاسەتمەداری سۆڤێتی (Glezerman) تێبینی کردووە و دەڵێ (نەك هەر ئابووری بەتەنیا بەڵکو چەندین کێشەی سیاسیش هەیە، چارەسەرکردنیان پەیوەندی بە بەرژەوەندییە جیاوازەکانی گرووپەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، کرێکاران خزمەتگوزاران، جووتیاران، بەرژەوەندیی هەموو ئەمانە پێکەوە بەرژەوەندیی یەکێتی سۆڤێیت[105] پێك دەهێنێ.

(104) Samuel N. Harper: The Government of the soviet Union. D. Van nostrand co. Inc Newyork, 1988. pp79 – 80

(105) Vernon V. Aspaturian: Modern poliical System 3 rd ed, priutice Hall, INC. London, 1972. p. 582.

(گرووپە گشتییەکانی فشار Groupes de pression puplics) گرنگترین گرووپەکانی فشاری یەکێتی سۆڤییێتین، و کەرتی ئابووری گشتی فشاری گشتی خۆی لەسەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پیادە دەکات بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی.(106)

هەروەها چەندین رایەڵەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری هەیە، هەروەك چۆن چەند رایەڵەیەکی لاوانیش هەیە، بەڵام ئەم رایەڵانە بەتەواوی سەربەخۆنین کە بریتن لە چەند رێکخراوێك کە ئەرکیان گەیاندنی بەرژەوەندیی گرووپەکانە بەناوەندەکانی روانگە و تێگەیشتنی پارتەکە لەبارەی بەرژەوەندیی گرووپەکانەوە. لەبەر ئەم هۆکارە چینی هۆشیارکەرەوەکان (رۆشنبیران) نەیانتوانی بە چالاکییە سیاسییەکانیان دەربڕی رای چینێکی تەواوبن لەو چینانەی کەلێی پێکهاتوون، ئەوەی لەتوانای رۆشنبیراندا بێت تەنیا نوێنەرایەتی کردنی پیشەییەکان یان چەند توێژێکی ئەوانە.(107)

لەیەکێتی سۆڤییێتدا ژمارەی کۆمەڵەکان کەمن وەکو کرێکاران و دەستە کشتوکاڵی زانستی و رۆشنبیرییەکان، ئەمانەش پیادەی فشارناکەن لەسەر حکوومەت، بەڵکو زۆرجار خۆیان دووچاری فشاردەبنەوە لەلایەن کەسایەتییە فەرمییەکانی حکوومەتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت. بەڵام لەناوبردنی بەیەکداچوونی هێزە جیاوازەکان زۆر قورس و گرانە تەنانەت بۆ دەوڵەتێکی گشتگیریش. هەندێ گرووپی فشار هەن هەوڵ دەدەن پشتیوانی سەرکردەشیوعییەکانی حکوومەت بەدەست بهێنن وەکو بانکەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان(108).

(106) د. سعاد اشرقاوي: النظم السياسية العالم المعاصر (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە، ٢٤٩.

(107) H. Gordon Skilling and Franklyn Griffiths, Interes Graups in soviet, op. cit, p. 37.

(108) Jacobson (G. A) and Lipman (M. H): poliical scienc, pp. 108–109



**بابەتی دووەم: گرووپەکانی فشار و دیموکراتی، لەیەکێتی سۆڤییێتی – پێشوو – یەکێتی رووسیا – ئێستا**

مامۆستا (نیومان Neumann) پێیوایە ئەگەر جیاوازی نێوان دیموکراتی لیبراڵی و سیستەمە سۆسیالستی و سەرکوتکەرەکان بەهەندوەربگرین، ئەبێ پێشبینی ئەوەبکەین کە چالاکی گرووپەکانی فشار گرنگییەکی زۆرتریان هەیە لەسیستەمە دیموکراتییە لیبرالییەکاندا و چالاکییەکانیان تەرکیز و شیکردنەوەیەکی گەورەترو فراوانتر بەخۆیانەوە دەبینن.(109)

بەڕە چاوکردنی نەبوونی نو ێنەرایەتی راستەقینە یان سیستەمی یاسادانانی تەواو لەیەکێتی سۆڤێتیدا، بۆمان دەردەکەوێت کە گرووپە خاوەنبەرژەوەندییەکانی سۆڤێیت بوارێکی زۆری کارکردنیان بۆنەرەخساوە لەمیانەی ئەو ئامێرانەی کە پێویستە نوێنەرایەتی (Representative) بن لەپارت یان لە دەوڵەتدا، سەرەڕای ئەوەش هەریەکێك لەم ئامێرانە وەکو دەردەکەوێ لەدیاریکردنی سیاسەتدا هەژموونێکی گەورەیان نییە، پاشان هیچ گرنگییەکیان نابێت لەکرداری کۆکردنەوە (aggreagating)ی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جییاوازەکاندا.(110)

حکوومەتی دەوڵەتە سۆسیالستییەکان رێگرە لەبەردەم بەخشینی ئازادی بەم گرووپانە، و زۆرکات پێکهێنانی ئەم گرووپانە قەدەغە دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەوە، دەستووری یەکێتی سۆڤییێتی بەراشکاوی دان دەنێت بەو رۆڵەی گرووپەکان دەیگێڕن لەخۆپاڵاوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤییێت لە نموونەی ئەوانەش سەندیکا کرێکارییەکان و کۆمەڵە هەرەوزییەکان و کۆمەڵەکانی کێڵگە(111).

(109) Alan R. Ball, Modrn politics and Government, op. cit, 103

(110) H. Gordon Skilling and Franklyn Grffths, op. cit. p. 41

(111) د. یطرس غالي و د.محمود خيري عيسى: المدخل في علم السياسه (سەچاوەی پێشوو) لاپەرە ٢٨٦.



PDF 4 KURD

گرووپە سیاسییە خاوەن بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییێت بەوە جیادەکرێنەوە کە لەسەر بنەمایەکی فەرمی رێکنەخراون بەڵام بەزۆری گرووپی تایەفین، پێکهاتوون لەوکەسانەی بیروبۆچوون و بەرژەوەندییان لەیەکەوە نزیکە، سۆڤییێت دەیەوێت وادەربخات کە گرووپە تایەفییەکان چالاکی و روانگەی هاوبەشیان هەیە، و هەندێ کات کاریگەرییەکی زیاتریان هەیە لە گرووپە فەرمییەکان و زیاتر پێدادەگرن لەسەر ئامانج و داواکارییەکانیان لەبەرامبەر پارت و حکوومەتدا.(112)

هەرچەندە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان زۆربەکەمی مۆڵەتی تەواویان هەیە بۆسەپاندنی بۆچوونەکانیان بەسەر سەرکردە باڵاکاندا، بەڵام هەندێجار لەوانەیە سەرکەوتووبن لەکاریگەری بۆسەر بریاری کۆتایی یان رێگرتن لە جێبەجێکردنی، پاشان گرووپە خاوەنبەرژەوەندییەکان خزمەتێکی گرنگ ئەنجام ئەدەن ئەمەش بەگرنگیدان بەنارەزایی گرووپەکۆمەڵایەتییەکان، هەروەها دەتوانن ئاراستەکانی خۆیان دەربڕن یان ئاشکرای بکەن لەرێگەی کۆبوونەوە یان بەهۆی رۆژنامەکانەوە.

گرووپە خاوەن دەسەڵاتەکانی سۆڤییێت بەگشتی هەوڵ دەدەن هەژموون و کاریگەری خۆیان پیادە بکەن لەسەر سەرۆك و گەورە پیاوانی پارتەکە لەمەکتەبی سیاسیدا. هەندێ جار فەرمانبەرانی دەوڵەت چەند گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی دروست دەکەن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، کە زۆر جار فشار دەخەنەسەر سەرکردە باڵاکان و بەرژەوەندیی حیزبی (partisan) یان بەرژەوەندیی وەزاری (Ministerial) یان بەسەردا دەسەپێنن. هەروەها نوێنەرایەتی کۆمەڵێك بەرژەوەندی دژیەك دەکەن، وەکو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی وەزارەتەکان یان روانگەی تایبەتی هەندێك فەرمانبەر یان روانگەی گرووپە خاوەن بۆچوونەکان لەناو دەوڵەتە بیرۆکراتییەکاندا(113).

(112) H. Gordon Skilling and Franklyn Griffths, op. cit. pp, 29 – 30
(113) Idid: p. 40.



## توێژینەوەی شەشەم:

## گرووپەکانی فشار لە شانشینی ئوردونی هاشمی

پلەوپایە و کاریگەری گرووپەکانی فشار لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ئوردون جیاوازن لەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوانیش جیاوازن لەوانەی شانیشینی یەکگرتوو (بریتانیا). ئەو دەستکەوتانەی تاکەکان لە ئەنجامی بە ئەندام بوون لەرێکخراوێکدا دەستیان دەکەوێت کۆمەڵە دەستکەوتێکی روون و ئاشکرایە پەیوەندی بە بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە، و دەکرێت ئەم بەرژەوەندییانە لەروانگەی گرووپێکی ترەوە تووشی مەترسی بن، نەك هەرئەوە بەڵکو تەنانەت هەندێجار بوونی کۆمەڵەکەش دەکەوێتە مەترسییەوە.

لێرەوە تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ پێویستە لە شیکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی لەکۆمەڵەکەوە دەست پێبکات، کەهەڵسوکەوتە سیاسییەکانیشی دەگرنەخۆ. بە ئاشکرا کردنی بنیات نانی (رۆژهەڵاتی ئوردون) بەسەرۆکایەتی (ئەمیر عبدالله) لەبەرواری ١٩٢١/٥/٢٥، قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کرد و، حاڵەتی پەشێوی و ئاژاوە بەرەو سیستەم و رێکخستن گۆڕا و پارچە لێکدابراوەکان کۆبوونەوە و دەوڵەتیش هەموو چین و توێژە عەشایەری و تایەفییەکانی کۆکردەوە لە چوارچێوەی حکوومەتدا و هەروەها دەسەڵات و سەروەری یاساش جێگیربوو.(114)

(114) - ئەو ناوچەیەی کە بە (رۆژهەڵاتی ئوردون) ناسرابوو بەشێکی دانەبڕاوی وڵاتی (شام)ە بەدرێژایی چەندین سەدە، لەسەرەتای سەردەمی هەوچەرخدا کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان (١٥١٦) ز. و ئەمە بۆماوەی چوارسەد ساڵ بەردەوام بوو، و لەو ماوەیەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بەهۆی ئەوەی کەوتبوو سەر رێگەی (حەج) لەشامدا.

**- لەئوردوندا سێ دەستوور راگەیەنراوە:**

یەکەم: دەستووری ساڵی (١٩٢٨) کە بە (یاسای بنچینەیی رۆژهەڵاتی ئوردون) ناودەبراو، لەمادده(١١)ی ئەم یاسایەدا هاتووە (هەموو ئوردونییێك ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی راوبۆچوونی خۆی هەیە) و هەروەها ئازادن لەپێکهێنانی کۆمەڵە و بەئەندام بوون تیایاندا و گرێدانی کۆبوونەوە، بەپێی حوکمەکانی یاسا)[115].

دووەم: دەستووری ساڵی (١٩٤٦) کە بە (دەستووری شانشینی ئوردون) ناودەبرا، هەرلە هەمان ساڵدا یاسایەکی دیکە دەرچوو بەناوی (یاسای هەموارکردنی بنچینەیی).

سێیەم: دەستووری ساڵی (١٩٥٢) کە ناو دەبرابە (دەستووری شانشینی ئوردونی هاشمی) هەر ئەمەش دەستووری کارپێکراوە لەسەردەمی ئێستای ئوردوندا، و دەستووری ساڵی (١٩٥٢) گرنگییەکی تایبەتی داوە بە ماف و ئازادییە گشتییەکان، ئەم مافە بریارلێدراوانە زیاتر لەسەر بنەمای یەکسانی چڕبوونەتەوە، کە ئەم بنەمایە بەکۆڵەکەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دادەنرێت.[116]

گومان لەوەدانییە کە دەستووری ئوردونی باسی مافی پێکهێنانی گرووپ و پارتە سیاسییەکانی کردووە، مادده (١٦) جەخت لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکاتەوە:

١- ئوردونییەکان مافی کۆبوونەوەیان هەیە لەچوارچێوە و سنووری یاسادا.

٢- ئوردونییەکان مافی پێکهێنانی کۆمەڵە و پارتیان هەیە، بەشێوەیەك مەبەستێکی رەوا و ئامرازی دروستیان هەبێ، و خاوەنی سیستەمێك بن کە پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوور نەبێت.

(115) د. علي محافظة: تأريخ الأردن المعاصر (سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕە ١٨٢ — ١٨٣.

(116) د. كريم يوسف كشاش: الحريات العامة في الأنظمة السياسية المعاصرة، (سەرچاوەی پێشوو) لاپەرە (٢١٤).



٣- رێگە و شێوازی پێکهێنانی گرووپ و پارتە سیاسیەکان و چاودێری داهاتەکانیان بە یاسا رێکدەخرێت.[117]

هەرچیەکیش تایبەت بێت بە کۆمەڵەکان (کۆمەڵە خێرخوازییەکان) دەستەی کۆمەڵایەتی، دەستەی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی، یەکێتی لیواکان بۆکۆمەڵە خێرخوازییەکان، یەکێتی کۆمەڵە خێرخوزکان، یەکێتی جۆری، کۆمەڵەیەکی بیانی یان دەستەیەکی ئاسایی، دەستە ئایینییەکان و راهیبەکان[118]، چییەتی و سیستەمی بنچینەیی و ئەوەی پەیوەستە بە تۆمارکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەم جۆرە گرووپ و کۆمەڵانە، رێکخراون بەپێی (یاسای کۆمەڵە و دەستەکۆمەڵایەتییەکان، ژمارە (٢٢)ی ساڵی (١٩٦٦) لەماددەی (٢) ئەم یاسایەدا مانا و مەبەستی هەریەکێك لەم جۆرە رێکخراوانە روون کراوەتەوە بەم شێوەیە:

- کۆمەڵەخێرخوازەکان ئەودەستانەن کە لەحەوت کەس یان زیاتر پێکهاتوون و مەبەست و مەرامی سەرەکییان بریتییە لە رێکخستنی هەوڵەکانیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەهاوولاتییان بەبێ ئەوەی لە ئامانج و کارەکانیاندا مەبەستی کۆکردنەوە و دابەشکردنی یان بەدیهێنانی سوودی تایبەتی (شەخسی) هەبێت، هەورەها بەبێ بوونی هیچ ئامانجێکی سیاسی، ئەم پێناسەیە کۆمەڵە سیاسییەکان و ئەو کۆمەڵە و دەستانەش ناگرێتەوە کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن، جائەو خزمەتگوزارییانە زانستی یان رۆشنبیری یان فێرکاری یان خێرخوازی یان هونەری بێت، ئەم پێناسەیە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و تیپە هونەرییەکان و شانۆییەکان و پەیمانگا مۆسیقییەکان و پەیمانگا رۆشنبیریە تایبەتییەکان دەگرێتەوە، بەمەرجێك ئامانجیان خزمەتکردنی کۆمەڵگابێت بەبێ

(117) دەستووری ئوردونی ساڵی ١٩٥٢.

(118) د. محمد سليم غزوي: الوجيز فى التنظيم السياسى الدستورى للمملكة الأردنيه الهاشميه، چاپی یەکەم، زانکۆی ئوردون، عەممان، ١٩٨٥، لاپەرە (٨١) و دواتر.

کۆکردنەوە و دابەشکردنی قازانجی ماددی یان بەدیهێنانی ئامانج و سوودی تایبەتی هەروەها بەبێ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی.

- و کۆمەڵەی یەکگرتوو یان دەستەی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو ئەو کۆمەڵە خێرخوازانە دەگرێتەوە کە لە یەکگرتنی دوو کۆمەڵەی خێرخوازی یان دوو دەستەی کۆمەڵایەتی یان زیاتر پێکهێنراون و بەپێی حوکمەکان یاسای ناوبراو تۆمارکراون.

- بەڵام یەکێتی لیواکان بۆ کۆمەڵە خێرخوازەکان بریتین لەو کۆمەڵە خێرخوازانەی کە بەڕێگای یەکگرتنی سێ کۆمەڵەی خێرخوازی یان زیاتر پێکهێنراون و لەیەك لیوادا تۆمارکراون.

- مەبەست لە یەکێتی گشتی کۆمەڵە خێرخوازەکانیش بریتین لە دەستەی ناوخۆیی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێك لە یەکێتییە لیواییەکان دەکەن لەشانشینی ئوردونی هاشمیدا، ئامانجیشیان ڕێکخستنی هەوڵەکانی یەکێتییەلیواییەکانە.

- مەبەست لە یە(کێتی جۆری)ش سێ کۆمەڵەی خێرخواز یان سێ دەستەی کۆمەڵایەتی یان زیاتر کە لەنێوانیاندا یەکێتی جۆری هەبێت، بەمەرجێك ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن هاوشێوەبێت لەگەڵ ڕێکخستنی هەوڵەکان و یەکگرتنی خزمەتگوزارییەکان و گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

- هەروەها مەبەست لە کۆمەڵەی بیانی ئەو دەستە کۆمەڵایەییەتیانە یان ئەو کۆمەڵە خێرخوازییانەن کە ناوەندی سەرەکییان لەدەرەوەی شانشین بێت، یان زیاتر لەنیوەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنەکەی ئوردنی نەبن.

- مەبەست لەکۆمەڵەی ئاسایی یان دەستەی ئاسایی ئەو دەستانەن کە لە حەوت کەس یان زیاتر پێکهاتوون و مەرام و مەبەستیان پێشکەشەکردنی یان ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتییان یان کۆمەڵەیەکی بەشێك لە هاووڵاتییان کە ئامانجەکانی کۆمەڵە خێرخوازییەکان و یانە وەرزشی و



ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان بزووتنەوە ڕێنیشاندەرەکانی تر نەیگرتوونەتەوە.

لەو سەردەمەدا بەپێی (یاسای کۆمەڵەکان)ی عوسمانی لەرۆژهەڵاتی ئوردوندا چەند پارتێکی سیاسی پێکهاتن لەوانەش، پارتی گەلی ئوردنی، پارتی لیژنەی جێبەجێکردنی کۆنگرەی نیشتیمانی، پارتی ئازادی مامناوەند، پارتی هاوکاری ئوردونی و پارتی برایەتی ئوردونی، ئەوەش کە ببووە هۆی کۆکردنەوەی ئەم پارتانە بریتی بوو لە داواکاری و کارکردن بۆ سەربەخۆیی وڵات کە لەژێر ئینتیدابی عوسمانیدا بوو، ئەم پارتانە ڕۆڵێکی باشیان گێڕا لەفشارخستنە سەر حکوومەتی ئینتیداب و ناچار کردنی حکوومەت و ئەمیر کە پێداگریی بۆ داواکردن لەبریتانیا تاچاو بخشێنێتەوە بە پەیماننامەی (بریتانیا — ئوردون) و هەروەها گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی زیاتر بۆ وڵات(119). ئوردون ئەزموونێکی هەیە لە بواری پارتە سیاسییەکاندا، دوای کارکردن لەسەر هەندێ پێکهاتەی سیاسی و پیادەکردنی چالاکییەکانی لەسەر زەوی ئوردون، ئەوە روونبۆوە ئەوانە خاوەنی کۆمەڵە ئامانجێکن کە بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەیە لەسەر نەبوونی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت، هەربۆیە بەبڕیاری ژمارە (٥) ئەنجوومەنی وەزیرانی ساڵی (١٩٥٧) هەڵوەشێنرانەوە، ئەمە بێجگە لە هۆکارەکانی سەرەوە لەبەرئەوەش بوو کە مافی پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان وەکو هەرمافێکی تر بەستراوە و سنووردارە و رەها نییە، ئەمەش وەك یەکێك لەئامرازە پەیڕەوکراوەکانی پارتەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی (ئاشتی بن یان بەتوندوتیژی و هێز) یان مەرام و مەبەستەکان کە پێویستە بە تەواوی چاودێری بکرێن، هەروەك لەمادده(١٦)ی دەستووردا

---

(119) د. سالم الكسواني: مبادئ القانون الدستوري الأردني مع دراسه تحليليه اللنظام الدستوري الأردني, چاپی یەکەم، عەمان ١٩٨٣، لاپەرە ١٧٥ — ١٧٦.

هاتووە[120] حکوومەت لەبەرواری ١١/تشرینی یەکەمی ١٩٧١ پارتی یەکێتی نیشتیمانی ئوردنی پێکهێنا ئامانجی پێکهێنانی ئەم پارتەش پڕکردنەوەی بۆشاییەك بوو کە لە رابردوودا بەخراپی پڕکرابۆوە، بۆ ئەوەی پارت بوون شێوەیەکی کاتی یان قۆناغکاری هەبێت پاشان بگوێزرێتەوە بەرەو سیستەمی فرەحیزبی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی واقعییەوە هیچ پارتێك دروست نەبوو بەهۆی ئەو بارودۆخە ناسروشتییەی کە ئوردونی پێدا تێدەپەری.

بەگشتی ئەنجوومەنی گەل کەلە (ئەنجوومەنی ئەعیان و ئەنجوومەنی نوێنەران) پێکهاتووە بەجێگرەوەی پارتە سیاسییەکان دادەنرێت لە ئوردوندا، هەر ئەمەش دەربڕی رای گشتی ئوردونییە[121].

(120) د. محمد سليم غزوي: الوجير في التظيم السياسى والدستوري للمملكة الأردنيه الها شميه، (سەرچاوەی پێشوو)، لاپەرە (٨٢).

(121) د. كريم يوسف كشاش: الريان العامة في الأنظمة السياسيه المعاصره، (سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕە (١١٦ – ١١٧).



## توێژینەوەی حەوتەم:

## هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گرووپەکانی فشار لەسیستەمی حوکمدا

گرووپەکانی فشار ئەرکێکی بەنرخ بەجێ دەهێنن لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا بەچەندین رێگەی جیاواز، و چالاکییەکانی گرووپی فشار لەماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا بەشداریدەکەن لە کاروباری بریاردانداً، و ئەم هەڵوێستەش بەروونی دەردەکەوێت بەتایبەتی لەبریتانیادا کە پەرلەمان دەستی گرتووە بەسەر حکوومەتدا. لەبەرامبەر داننان بە بەرژەوەندییەکانیاندا لەلایەن حکوومەتەوە ئەوانیش واتە گرووپەکانی فشار زانیاری پێشکەش بەحکوومەت دەکەن، ئەمەش لای خۆیەوە بەجەماوەربوونی حکوومەت زیاتر دەکات واتە وێنەی حکوومەت لای جەماوەر بەرەو باشتر دەبات. لەڕاستیدا گرووپەکانی فشار گرنگییەکی زیندوویان هەیە بۆ جیهازەکانی جێبەجێکردن بە تەماشاکردنی ئەو رۆڵەی دەیگێڕن لەدروستکردنی سیاسەت و جێبەجێکردندا، هەروەها بابەتی گشتیش دەوروژێنن، بۆنموونە، داواکاری چاوخشاندنەوبەحوکمەکانی لەسێدارەدانداً، و لەم بابەتە هونەرییانەدا گرووپەکان بەدووردەبن لە بواری سیاسەتی پارتەکان. هەر ئەمەشە کە مامۆستا (S.F. finer) باسی لێوە دەکات و دەڵێ (سیستەمی سیاسی ئێستا لە میانەی گرووپەکانی فشارەوە کاردەکات و ئەم گرووپانەش لە ئیمپراتۆرییەتیك دەچن)، هەرلەم بارەیەوە (Mackenzi) وەسفی ئەو گرووپانە دەکات بەمانای گەڕانەوە دێت بۆ سەدەکانی ناوەراست، واتە گرنگی مرۆڤ بەپێی دڵسۆزی و لایەنگیری بۆ گرووپێك لەگرووپەکان دیاریدەکرێت. و سەرکردایەتی گرووپەکانی فشار بەهەڵبژاردن نییە و لە دەسەڵاتیشەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو سەرکردەکان هێز و هەژموونی خۆیان لەتوانای گفتوگۆکردنەوە بەدەست دەهێنن[122].

(122) R. M punnet: Britsh Government and politcs. Op. cit, pp. 152 - 153



PDF 4 KURD

بەتێکڕایی دەتوانین بڵێین گرووپی خاوەنبەرژەوەندیی دەتوانێت هەڵوێستێکی روون و ئاشکرا وەربگرێت لەبارەی هەندێك بابەتی پەیوەست بە سیاسەتی گشتییەوە، لەبەرئەوەی ئەندامەکانی لەسەر ئاراستەیەکی دیاریکراو رێکدەکەون، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەمینەیەکی خاوەن بەرژەوەندی بچووك و دیاریکراون، هەرلەبەر ئەوەشە کە ناتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا لەو هەڵبژاردنانەی کە پەیوەستن بەچەند کەسایەتییەکی دیاریکراوەوە ئەم گرووپانە دەتوانن دەنگی پێویستی سەرکەوتن پێشکەش بکەن یان ئەو دەنگانە ببڕن. ئەم بارەش کە پەیوەستە بە هاوسەنگی هێزەکانەوە (Balance- of poweposition) بەسەرچاوەی سەرەکی هێزی سیاسی دادەنرێت بۆ گەلێك لە گرووپە کەمینەکان[123].

گرنگی پێدانەکانی کەمینەکان لەوانەیە کاریگەربێت لەسەر لایەنە سیاسییەکان و وای لێ بکات پیاوەکانی خۆی کاندید نەکات بۆ پۆستە گشتییەکان، بەڵام لەوانەیە ئەمە دامرکاندنەوەی بەدیهێنانی زۆرینە ئەستەم بکات لەسەریان، کە ئەو زۆرینەیە لەکاتێکی دوور و درێژەوە جێگیر و نەگۆرە، هەروەها ئەو کەمینانەی کە گرنگی دەدەن بەبواری سیاسی لە ئەمریکادا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن هەرچەندە ناتوانن هەمیشە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنن.[124]

(123) Alfred Aknopt: American Government, Democracy and Liberty in Balance, first ed. Newyork, 1976. p. 155.
(124) Marian D. Irbish: the politics of American Democracy,



## کۆتایی

نامانەوێت کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە گچکەیە بکەین بە کورتکراوەیەکی هەموو ئەو بابەتانەی باسمان کردوون، بەڵام بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی ئەوەی دەرمان بڕیوە، چەند بۆچوون و پێشنیار و سەرەنجامێك دەخەینەڕوو. و مافی خۆمانە بپرسین: بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە چییە لە خستنەڕووی راستییەکان و شارەزا بوونی قوتابخانە فیکرییەکان لەجیهانی هاوچەرخدا کە هەریەکە لەڕوانگەی خۆیەوە باسی لە گرووپەکانی فشار کردووە. هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەین بە قورسی و ناهەمواری لێکۆڵینەوەی گرووپەکانی فشار و ئاستەنگەکانی گەیشتن بەبیردۆزێکی گشتی بۆیان. لەبەرئەوەی چەندین کێشەی خاوەن چەند دووری جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. وەکو کێشەی دیاریکردنی زاراوەکان، لەوانەش زاراوەی گرووپەکانی فشار و ناساندنی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە توێژەرە جیاوازەکان لەیەك روانگەوە تەماشای گرووپەکانی فشار ناکەن، لەبەرئەوە زۆر قورس بوو بگەین بە بۆچوونی هاوڕا لەم بارەیەوە.

گومان لەوەدانییە ئەم گرووپانە بەشێکی گرنگی ژیانی سیاسی پێکدەهێنن لە هەموو سیستەمێکی دیموکراتیدا، و هەروەها چالاکییەکانی گرووپەکانی فشار کاریگەری باشیان زۆرترە لە کاریگەی خراپ و زەرەرمەند. ئەرکی سەرەکی گرووپەکانی فشار بریتییە لە دابین کردنی دەربڕینی سیاسی بۆ بەهاکان یان بۆ بەرژەوەندی گرووپە کەمینەکان و هەر ئەو گرووپانە نوێنەرایەتییەکی تایبەت بۆ کەمینەکان فەراهەم دەکەن. و گرووپەکانی فشار بریتین لە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە یەکانگیر و لێك ئاڵاوەکان کە هەوڵ بۆ هەژموون و کاریگەری زیاترو زیاتر دەدەن. و بوونی مەرامێکی دیاریکراو و ئاراستەکراو لەلایەن گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هێرو کاریگەرییان زیاتر بێت.



PDF 4 KURD

ئەم گرووپە کاریگەرانە قەبارەیەکی نوێیان بۆ خۆیان دروست کردووە، لەکاتی ئێستادا کاریگەرییان زۆرترە بەبەراورد لەگەڵ هەرماوەیەکی دیکەی مێژوویی، و خاوەنی قەبارەیەکی گەورەتر و رێکخراوترن.

چەندین گفتوگۆی دروست و باش هەیە لەنێوان گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و حکوومەتدا، هەروەها بڕوا و متمانەی بەرامبەر لەنێوان حکوومەت و گەلدا هەیە، و لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکەی ئێمەدا گرووپەکانی فشار پێویستین بۆ حکوومەت و بەبێ بوونی ئەوان نەزانی گەشەدەکات و زانیاری مەعریفە لەناو دەچێ.

**– چەند سەرەنجام و ئامۆژگاری و پێشنیارێکی تایبەت بە چارەسەری ئەو کێشانەی کە دەرەنجامی گرووپەکانی فشارن:**

هەندێك ئامۆژگاری و پێشنیار هەیە کە دەتوانێ هاوکاربێ لە پەیداکردنی هاوسەنگی نێوان چالاکی گرووپەکانی فشار بە شێوەیەك بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی زاڵ نەکات بەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا. لەو سەرەنجام پێشنیار و ئامۆژگارییانەش:

یەکەم: گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان ئەرکێکی زیندوو بەجێدەهێنن لەوێنەی گشتی دەوڵەتی دیموکراتیدا بەشێوەی کۆمەڵ، لەبەرئەوەی دەنگ و سەدای گرووپێك یان چینێکی گەورەی میللەتن.

دووەم: گرووپەکانی فشار بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی کاروباری سیاسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێت ببن بەحکوومەت.

سێیەم: لەڕاستیدا گرووپەکانی فشار تەنیا ئامرازێکی رێکخراون بۆ پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی و ئازادییەکانی تاك.

چوارەم: گرووپەکانی فشار گرنگی بە بەرژەوەندی ئەندامەکانی دەدات، و هەوڵ دەدات کاریگەریی هەبێت لەسەر بڕیاری لێپرسراوە سیاسییەکان و هەروەها هەوڵی کاریگەر دەدەن لەسەر دەسەڵاتە ناوەندی و هەرێمییەکان.



پێنجەم: گرووپەکانی فشار هەوڵ دەدەن کاریگەربن لەسەر بڕیارەکانی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری.

شەشەم: ئەم گرووپانە ئامرازەکانی فشار لەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەکار ناهێنن تەنیا لە دوو حاڵەتدا نەبێت، یەکەم لەکاتی داواکردنی هاوکاری ماڵیی و دووەم لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسایەك کە زیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان بدات.

حەوتەم: هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ بەرژەوەندی گشتی کاتێك گرووپەکانی فشار بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەن. دەتوانرێت هاوسەنگی دروست بکرێت یان بەربەرەکانییان بکرێت لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ بەرژەوەندی گشتی و پێداگرتن لەسەری، و دەتوانرێت ئەنجامی ئامارەکانی رای گشتی وەکو ئامرازێك وەربگرێت بۆناساندنی بەرژەوەندی گشتی و ئەو بۆچوون و حەزانەی کە جەماوەر هەوڵی بۆ دەدات. لەسەر ئەم بنەمایەوە گرووپەکانی فشار لەسەر ئاراستەکانی رای گشتی رۆڵێکی کارا دەگێڕن کە ناتوانرێت نکوڵی بکرێت.

هەشتەم: دەرکردنی یاساکان.

ئەمە زۆرترین رێگای بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا دەوڵەت هەڵدەسێ بەدەرکردنی یاسای تایبەت بە بەرتیل و ناوزڕاندن و جنێودان و بەکارهێنانی نارەوای بەرید و هی تریش.

نۆیەم: بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا .

گرووپەکانی فشار بە ئامرازێك دادەنرێن بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان پەرلەمان و حکوومەتدا لەچوارچێوەی رەوایی دەستووریدا .

دەیەم: رێکخستنی گرووپەکانی فشار.



PDF 4 KURD

پێویستە گرووپەکانی فشار ڕێکبخرێن هەتا نەبن بەهۆی تێکدانی ژیانی سیاسی و هەڕەشەکردن لە دیموکراتی و هەروەها نەبن بە هۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی سەروەری بەهێزەکان.

یازدەیەم: بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆن.

گرووپەکانی فشار ئۆپۆزسیۆن بەهێزدەکەن و تاکەکانی ئەندامی ئەو گرووپانە زیاتر چاودێری لێپرسراوانی حکوومەت دەکەن وەك لەو هاووڵاتییانەی کە ڕێکخراوێك نایانگرێتەوە. پێویستە هاوسەنگییەك هەبێت لەنێوان دەسەڵات و لێپرسراوێتیدا، هەر ئەو هاوسەنگییەش دەستەبەری بەدیهێنانی دیموکراتییە. بەواتایەکی دیکە پێویستە حکوومەت لێپرسراو بێت بەرامبەر گەل.

دوازدەیەم: دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان هێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە بوونی نەبوونی هاوسەنگی بەشێوەیەکی تایبەت لەنێوان زۆرینە و کەمینەدا و لەپێناو بەدیهێنانی ئەو هاوسەنگیەش پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی پارلەمانی ڕێکخراو هەبێت و دەستەبەری ئەوە بکات کە فەرمانڕەوایی زۆرینە لەژێرچاودێری رای گشتیدا دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایەوە دەبێت هاوسەنگی نێوان پارتە سیاسییەکان و گرووپەکانی فشار بەدیبهێنرێت لەچوارچێوەی ڕەوایی دەستووریدا لەبەرئەوەی لەدەستدانی هاوسەنگی لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە.

سێزدەیەم: دانانی چەند پێوەرێك لەڕێگەی یاسادانانەوە بۆ دیاریکردنی هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان دام و دەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی دەوڵەتدا، و بەیاساکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەستەبەرن بۆ ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتییان لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕەوییەکانی گرووپەکانی فشار کاتێك لە هێڵەکانی دەسەڵات و بنەمای ڕەوایی دەردەچن.

چواردەیەم: ڕاستەوخۆ دیاریکردنی سزای کاریگەر لەدژی ئەو دەستدرێژییە جۆراوجۆرانەی کە دەکرێنەسەر مافەسیاسییەکان لەلایەن گرووپەکانی فشارەوە.